# پێڕست:

١- وتووێژ لەگەڵ کاک مەلا حەسەن شێوەسەڵی............................................................ حەمید تەیموری ..... ٤
٢- جمهوری کوردستان یان حکومەتی خودموختار؟................................................... حەسەن ئەیوب زادە ..... ١٣
٣- کۆماری کوردستان و ئازەربایجان، دوو هەڵوێست و ڕوانگەی جیاواز............................ حامید گەوهەری ..... ٢٤
٤- حکوومەتی جەمهووری کوردستان.................................... یادداشتەکانی موحەممەد سەعیدخانی همایوون ..... ٣٠
٥- کۆماری کوردستان، ئاوڕدانەوەیێک لە هێندی تەوەری گرینگ و پشتگوێ خراوی مێژووی......... سەدیق بابایی ..... ٥٣
٦- کۆماری کوردستان............................................................................ حسن ئەیوبزادە ..... ٨١
٧- مێژووی کۆمەڵەی ژ - ک و کۆماری کوردستان و رۆڵی کەڵوڕەکان................................. ئێقباڵ سەفەری ..... ٨٥
٨- کورتە یادێک لە دووی ڕێبەندا......................................................... سیامەند شێخ ئاغایی ..... ٨٨
٩- کۆماری کوردستان، لێگەڕێک لە هەمبەر دیکتاتۆری و تۆتالیتریزم دا! ........................ مەجید حەقی ..... ٩٣
١٠- سەرکردەکانی رۆژهەڵات: کۆمارێک بە ناوی کۆماری مەهاباد وجودی نییە........................ هاوار بازیان ..... ٩٥
١١- کۆماری کوردستان؛ ناسنامەی کوردەکان................................................ قەرەنی قادری ..... ١٠٠
١٢- کۆماری کوردستان ـ شۆڕشی ١٩٧٩ی گەلانی ئێران............................................. کەیهانی یووسفی ..... ١٠٣
١٣- کۆماری کوردستان و چەند ڕاستییەکی تاڵ................................................... جەلال چوارتایی ..... ١٠٦
١٤- سەبارەت بە وتووێژەکانی کۆماری کوردستان و حکوومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان............ حەسەنی قازی ..... ١١٢
١٥- کۆماری کوردستان، وشیاری نەتەوەیی یان پیلانێکی دەرەکی؟..................................... هاشم زوورئاوەر ..... ١١٦
١٦- کۆماری دیموکراتیکی کوردستان.................................................................. رەزا ئەمینی ..... ١٣٦
١٧- یادێک لە دووی ڕێبەندان............................................................ تاهیر حیکمەت (د. ئازاد) ..... ١٣٩



سەرچاوە
Serchawe

# کۆماری کوردستان ، ئاوڕدانەوەیێک لە هێندی تەوەری گرینگ و پشتگوێ خراوی مێژووی شیرین و تاڵ



سدێق بابایی

لە کەشو هەوای گەلاوێژی (١٣٢٠)لێک ئالان و هاریکاری حێزبی سیاسی و بیری تاک و کۆی چەپ و ڕاست لە گەڵ دەولەتی ناسیونالیستی تاران و بەشدارییان لە حکومەتی بۆنیادنراو لە سەر بنچینەی دەسەلاتی ڕەگەزی ڕەزاشا،چەکەرەی بیری نیشتمانی ڕزگاری کوردستان لە ژێر نێوی کۆمەڵەی"ژ . ک" لە سەرووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو کرماشان، کەڵهور، پشتکێوی لوڕستان لە لاییێک و لەو دیوی سنوری دەسکرد لە لاییکیتر پەلو پۆی دەهاوێشت میرزا عەبدوڵای مدەبر( ئاغا بزرگ) ئاغەگەورە کە بە گوێرەی دەنگۆ "لە دۆستانی لنین و مائۆ تسە تۆنگ،کە گۆیا چەند جار چاو پێکەوتنی لە گەڵیان هەبوە ! و لە گەڵ "ئەبولقاسمی لاهوت"ی کەینو بەین و سەرو سڕی باس دەکرێ، بە نازناوی میرزا عەولا، سەرۆکایەتی لقی: سنە، کرماشان، کەڵهوڕ و لوڕستانی پێ سپێردرا."

لقی کرماشانی ژ - ک بە هۆی چەند کەسێکی خاوەن قەڵەم و سیاسی بەڕێوە دەچوو. نەمر میرزا برایم خان نادری کەسایەتی ناسراو و خاوەن زەوق لە عێلم و سیاسەت وەک دەبیری ژ - ک لقی لوڕستان و کرماشان خەباتی دەکرد.

مامۆستا سەید تاهیر هاشمی سەرۆکی لقی کرماشان و جێگری بەر پرسی کۆمەڵەی مەڵبەند بوو. یەکێک لە قازیەکانی دادگای ئەمشارە ڕاوێژکاری کۆمەڵەی کرماشانی خرایە ئەستۆ.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی نۆهەم

ڕەشید باجەلان لە وەکیلەکانی پایە یەکی دادگوستەری کە نیشتە جێی خانەقین بوو، وێرای بەرپرسایەتی پێوەندی لقەکانی کۆمەڵە سەرۆکایەتی حێزبی کۆمەڵەی لە خانەقین دەکرد و لە بەغدا تا خانەقین و کرماشان پێوەندی لە گەڵ ناوەند ی پێ سپێردرا بوو.

برایم نادری بە وتەی خەڵکی کوردستان و ناسیارانی لە مەهاباد میرزا برایمی نادری کوڕی ڕەحمەتی ئاغە فەیزوڵای نادری ساڵی ١٢٩٠ی هیجری خۆری لە دایک بوە و خەڵکی کرماشانە. برایم خوێندنی لە کرماشان بەغدا و فەرانسەلە بەشی یاسا تەواو دەکا و دەبێتە ئەندامی لژیۆنی زانکۆی فەرانسە. ماوەییێک لە زانستگەی ئەفسەری تاران لە بەشی مێژوو دەرسی وتوەتەوە.

نێوبراو لە سەردەمی کۆماردا لە گەڵ میرزا عەبدوڵای مدەبر (٩ - ٦ - ٤٦) دەچێتە مەهاباد و لە لایەن قازی موحەمەد بە سەرۆکایەتی گشتی ئیدارەی فەرهەنگی کوردستان بە پلەی سەرهەنگی هەڵدەبژێردرێ. هەروەها وەک ڕاوێژکاری نزیکی پێشەوا. وتاری بۆ ڕۆژنامەی کوردستان،گەلاوێژ، دەنگی گیتی تازە و کووهستان کە لە تاران دەر دەچوو نووسیوە.

ڕیزە نووسراوێکی لە ژێر سەردێڕی سەلاحەدین بە فارسی لە کووهستان و نۆ وتاری لە کۆردستان بڵاو کردوەتەوە.

خۆێنەری هێژا: مەبەست لە نووسینی ئەم سەرەتایە ڕاکێشانی سرنجی ئێوەی بەڕێز بۆ لای چەند پرسیارێکە لە پێوەندی پەرە ئەستا ندنی دەمو دەستی کەم وێنەی ژ - ک لە مەڵبەندی لە دایک بوونی، هەروەها ناوچەگەلی هەرە دووری کوردستان پێش دامەزرانی کۆمار (٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤) کە تا ئەوکات نیشانەییێکی ئەوتۆ لە هاوبیری و یەکڕیزی نیشتمانی ئەوتۆی تێدا مەزەندە نەکرابوو.

کەمتر نووسەر و سیاسەتوانی خۆماڵی و لاوەکی هەیە ڕای جیاواز لەوەی هەبی کە کۆمەڵە و فەلسەفە فکریەکەی لە سەر پێکهاتەی نەتەوەیی کۆماری کوردستان وەک لە بەرنامەکەیدا هاتوە نەبووبێ .

### ئایا پێشکەوتنی کۆمەڵگای کورد لەو دەمەدا گەیشتبوە ئاستێک لە ناسینی ڕێگا چارەی نەهامەتیەکانی؟

ئایا پلەی زانستی سیاسی و لێکدانەوەی ڕۆشنبیری کورد لە گەیشتن بە باوەڕی نیشتمانی و لێبڕاوی بۆ خۆ ڕاگری بەرانبەر لاینی نەیار بەئاستی پێویست گەیشتبوو؟ متمانە و پلەی متمانە بەخۆ کردن لە نێو جەماوەری کوردستان ببوو بە خاوەنی

## بەشی نۆهەم

پەروەردەیێک کە ئامادە نەبێ جارێکی دی بچێتە ژێرباری سەروەری و باڵادەستی زمان و دەسەلاتی ملهوڕانەی خۆمڵاس داوی فارس بۆ سەرکوتی دووبارەی کورد؟

لە قەراغ ئەم چەند پرسە دا وێڕای پارێزراو بوونی حورمەت و گەورەیی پێشەوا و یەک یەکی خەباتکارانی کۆمەڵە و کۆمار مرۆڤ بۆی هەیە هەندی بۆچوون و پرسیتر لە دووتوێ شرۆڤەی بەسەرهاتەکان بە مەبەستی دەرس وەرگرتنی زیاتر لە ڕابردوو کە نرخی زۆر و فیداکاری گەورەی بۆ کراوە بورووژێنی.

ئەگەر لێکدانەوە ئەوەبێ دامەزرانی کۆمار لە سەر بنەمایێک کە ڕەچاوی ئەو بابەتانەی کردوە بێ، ئەی بۆ بە ماوەی شەوو ڕۆژێک تێک چوو؟ بۆ تەنێ زیاتر نێوی پێشەوا لە سەر زارانە؟ لە بەر چی تاقە پێنج پێشمەرگە تەنیا ماوەی مانگێک نەیان توانی لە شیوو دۆڵی چڕو پڕی ولاتدا هەرنەبێ چاوەڕێ بەسەرهاتی سەرکۆمارەکەیان بکەن. سەرکۆمارێک کە بە قسەی دۆستو دوژمن خاوەن ڕێز و خۆشەویستی زۆربە بوو؟

کاتیک وتاری نیشتمانی گەرموگور، کۆڵنەدەرانە و پڕلە وشەی ئیمان بە سەرفەرازی و بەختەوەری لە ڕێگای پاراستنی گەل بەبێ هێشتنەوەی تۆزقاڵێک شکو گومان بو خۆبەخشین لەڕی ولاتدا لەبۆنەکان و لەڕۆژنامە و گۆڤارەکانی (کوردستان، نیشتمان، هاوار، هاواری کورد و...) دەخوینینەوە بە تایبەت ئەوکاتانە کە وەسفی ژاندارمەی حکومەتی ناوەندی دەکری (کە دیارە لە ڕاستیدا هەروابوە) خوێنەر هەستێکی وای لا دروست دەبێ کە سەرفەرازی هەتاهەتایی کوردی لا مسۆگەرە!بەلام بە هەڵکردنی باهۆزێکی پێچەوانە بەسەرهاتەکان داستانی خەمناک تۆماردەکەن؟؟! پێشەوای کوردان بەبێ کەمترین ناڕەزایەتی دەربڕین لە لایەن ئۆگرانی گیان لە سەردەستی ڕزگاری ڕاپێچی زیندان و پاشتر پەتو قەنارە دەکرێ!! مرۆڤ دەبێ چۆن چۆنی ئەم تراژدیایە لێک بداتەوە؟

ئاماژە بە دوو وێنە لەم پێوەندیەدا ڕەنگە ڕاستیەکان زیاتر بەرۆژ بکات بە تایبەت کە یەکیان نووسراوی گۆڤاری نیشتمان ئۆرگانی ژ - ک لە درێژەی وتارێکی شێخ سەعید دا هاتوە. ئەویتر پارچە شێعری ئەندامی کۆمەلە و لە بەرپرسان و کادری کۆمار سەرژمێر دەکرێ.(هەڵبەت دەقاودەق بە هەمان ڕینووس کە پارێزراوە).

١- ... ڕاوەستن! با سینگتان بە گول لان لە شەری نیشتمانا هەل پشکویت بو پیاوان رووی زەردنا سینگی خوینین جوانە! راوەستن! بلا خوینی سوورو گەرمتان لە سینگ جاری بی ئەندامی خویناوی لاویک دناو میرگ و چیمەنی کوردستاندا لە تازە بووکان جوان تر و زیبا ترە.

بەشی نۆهەم

رابن! رابن ! شەرو کوشتن هیرش و هجوم زور زور لە راکردن و بی بەختی هاسان ترە.

و لە درێژە دا:

ژمارەی دوژمن و زور و بوری یان هیچ نیە هجوم بکەن لە ژیانی خو ترسوو نەبی با دل خوش بن.

لە کۆتایی وتارەکەدا هاتوە:

پیاوی ترسەنوک مالی خو، وولاتی خو - و نامووسی خویان بە بادەدەن أیوە دەبی وولاتی خو وەژینن کەسی لە شەر بترسیو دەس لە نامووسی خو بەربدا ئەو کارە شەریف و چاکەی پی ناکریت.

گۆڤاری نیشتمان لاپەڕەی ٤ ژمارەکانی ٧ و ٨ و ٩ کە وێکرا.(بەرێنووسی وەک دەقەکە).

٢- جەوانانی دیموکرات وان م . مجدی

| | |
|---|---|
| ئەمن رولیکی پاکی نیشتمانم | لە بو خذمت وطن حاضر بەگیانم |
| حقیقت هەر دەلیم شیرین بی یان تال | موظف خوم بەگوتنی حق دەزانم |
| کتومە وهەردەلیم بی ترسو بی باک | بکا هەرکەس خراپەی نیشتمانم |
| اگەر بەرد بی بە آسن دەیشکینم ! | بەرامبەر سینگی دوژمنە سنانم |
| ئەوەی ظالم بی هەرکەس بی خراپە | لە بەر خوی هەر بلی ابنی فلانم |
| ئەمن وەک خلکی دی نیم وەختی قازانج | بدەم هیند بەردی ملیت لە شانم |
| ڕەگی ملیتی استوم هەلستی | وشک بی زارم و لەت بی زمانم |
| لە وەختی لازم و هنگاوی پیویست | بەرامبەر سینگی دوژمنە سنانم |
| لە ری ـ ی راگرتنی ئالای مقدس | وەبەرچاو نانیم سود و زیانم |

(لاپەرە ٣٢ هاواری نیشتمان ژمارە یەک).

## بەشی نۆهەم

کورد گوتەنی ئەم هەویرە ئاوی زۆر هەڵدەگرێ. ڕەنگە کەم کەس بتوانێ وەڵامی تەواو بە پرسگەلێکی ئەوتۆ و دەیان پرسیاری تری پێوەندیدار بداتەوە، بەڵام لەلایێک نرخی مەزنی ئەم ئەزموونە مێژووییە، فیداکاری خەڵکو بەشێک لە ڕێبەران و پێشمەرگەکانی سەنگەری پێشەوەی ڕووبەڕوی دوژمن و لە لایێکیتر بە سەرهاتی تاڵ و ناچارکرانی سەرلە نویی خەڵک بۆ ملدان بە چارەڕەشیە دوورو درێژەکان کە ئەوە بۆ ٦٤ ساڵ دەچێ گەلی ئێمە ڕەنجی پێوە دەکێشێ ئەرکدارمان دەکا زیاتر ئاوڕ لەڕابردوو بدەینەوە تائەگەر دەرفەتێکی دیکەمان دەسکەوت یان توانیمان بخولقێنین بزانین لاوازیەکانمان کامانە بوون.

دیارە زانستی کۆمەڵناسی بۆ پێک هاتنی ئاڵوگۆڕ تەنی هۆکارێک بە تەواوکەر نازانێ. بەڵکوو زۆر مەرج و کێڵگە(زەمینە) و پێداویستی تر لە پەنا هۆکاری سەرەکیدا دەس نیشان دەکا تا وەک ڕێخۆشکەری سەرئەنجام خوڵقێن دەور بگێڕن. بە دڵنیاییەوە زۆر بەی خەڵکی ئێمە شارە زای ئەم ڕاستیەن کە یەکێک لەهۆکارە سەرکیەکانی خوڵقانی دەرفەتی زێڕین بۆ پێک هێنانی کۆماری کوردستان، هاتنی هاو پەیمانانی داگیرکاری ئێران و کێشرانی شەڕی جەهانی دووهەم بۆ مەبەست و قازانجی تایبەتیو تەماحکارانەیان لە ناوچەکەدابوو. دەتوانین بە بێ دوو دڵی دەس نیشانی ئەو ڕاستیە بکەین کە کورد بە ڕێژەییێک کەڵکی باشی لەم هۆکارە وەرگرت، ئایا لە گەڵ ئەوە دەتوانین پیداگرین کە کورد سرنجی پێویستی داوەتەبەر گرنگی لاینەکانی دڵنیایی بەخشی تربۆ بە ئامانج گەیشتن؟

لەم پێوەندیەدا دەبێ ئاوڕێکی کورت لە خەبات و تێکۆشانی ڕابردووی توێژی ڕۆشنبیری نیشتمان پەرست یا وردە بورژوازی لیبراڵی کورد بدەینەوە ئەوکات زیاتر ئاشکرا دەبێ کە ئەم توێژە لە چ دەوران و سەردەمێکدا نەی توانیوە بۆ خۆی دەوری سەربەخۆ لەئێدارە کردن و ڕێبەری بۆ بە ئامانج گەیاندنی نەتەوەکەی بگێڕێ، بگرە زیاتر دەسەمۆ، فەرمانبەر و پاشکۆی ڕێبەری کۆنەباو (سونەتی) شێخ، ئاغا، مەلا و،هتد بوە.

ئەم بەشە ئەگەر لە ساتەوەختێکدا لە بەرانبەر کەسایەتی دەسەڵاتداری شۆڕش خۆی نواندبێ، توانای لە سەرپێ وەستانی سەربەخۆ دەربڕینی زانستی ئیدارە و بە جەماوەریکردنی چارەنووس سازی نەبوە!

تەنانەت گەر لە کورتخایەنیشدا دەوری نواندبی نەی توانیوە بە سەرئەنجامیکی دڵخوازی بگەیێنی (هەرچەند کۆمەلانی خەلک بە جاران کەمو زۆر پاڵپشتی پێویستیان بۆ بە تەنگەوە چوون دەربڕیوە).
ئەم وەزعە لە شۆڕشەکانی کوردستان لەپارچە جیاکراوەکانیدا ئاسەوارو وێنەی زۆرن. دانەبەزینی جەربەزەییێکی بەڕێوە

بەری کە توانای سامان دانی جەماوەری بۆ بەربەرەکانێیەکی ئەوتۆ تا دوژمن ناچار بە شکست و پاشەکشەی یەکجاری بکا ئاکامی ئەم وەزعە بوە.

شوێنەواری ئەم ڕاستیە تاڵە لە حاڵەتی بە ڕواڵەت سەرکەوتوویدا ئاکامی لە هەمبەر وەستانی وزە فەوتێنی جەماوەر و قەڵش تێکەوتن و دەستە بەندی چەکداری و دوژمنکارانە لە بەرانبەر هەڤدوو (کورد بە کورد) و ڕکەبەرایەتی بە قازانجی داگیر کاران، لەسەرجەمی خۆیدا دڵساردی جەماوەر و لەتووپەت کردنی زیدەتری وڵات تا ڕادەی بنەماڵەکان و زیاد کردنی دوژمنایەتی نێو خۆیی لێ کەوتوەتەوە کە دیارە وێنەی فراوان لە بەر دەستدان؟!

وەک گوترا لە ئەگەری پێشکەوتنیدا ڕێبەری ڕۆشنبیر لە جێگای دابەزاندنی سیستەمی نوێی ڕێکخستن و مودرنیزەکردنی خەباتی هاوتەراز لە گەڵ دسیپلین، هەرکە زانیویەتی بەشێک لە کۆمەڵگا لە دەورەی کۆبوەتەوە، وەک لاسایی کەرەوەیێکی باشی ڕێبەری کلاسیک خۆی لێ بوە بە ئیمام، مەلا و خەڵیفەو شاو خەڵک بە ئومەت، دەروێش و سەربازی بێ ئیرادە کە تەنێ سەربزێوی و مل کەچ کردن پێیان ڕەوا بینراوە!؟

موهەندس نووری شاوەیس (١٩٢٢ - ١٥ . ١١ - ١٩٨٣) یەکێک لە گەنجە ناسیۆنالیستە ڕۆشنبیرەکانی ئەو سەردەمە بوە کە گەلێک دەوری سەرەکی لە ئەندامەتی "کۆمەڵەی دارکەر" حێزب و ڕێکخراوەکانی وەک: هیوا، پارتی دێمۆکرات وپارتی گەلی دێمۆکراتدا هەبوە، لە بیرە وەریەکانیدا سەبارەت بە ڕێبەری هیوا دەڵێ: "لە بەر ئەوە هیچ کامێکمان ئەو دەسەلات و لێوەشاوەیەی لەخۆیدا نەدە دی کە ببێتە سەرکردەی کۆمەڵە لێژنەیێکی سەرکردایەتیمان دانا و لە ساڵی ١٩٤٠ ڕەفێق حێلمی - یان بۆ سەرۆکایەتی هیوا دیوەتەوە. لە کاتێک دا مامۆستا خۆی دامەزرێنەر و ئەندامی هیوا نەبوە بەڵام لە بەر قورسایی کەسایەتیەکەی کە کەسایەتیەکی کلاسیکانە بوە کردوویانە بە سەرۆک"؟!

دەقی ئەم مەسەلە بە جیا لە زەختی لاوەکی لە بەسەرهاتی کۆمەڵەی ژ - ک یشدا دەبیندرێ! هەڵبەت لێرە دا مەبەست لە هێنانی وێنەی ئەم دوو کەسایەتیە تێکۆشەرە لە ڕوانگەی باس کردنی شێوازی مێژووی ڕێبەرایەتی جووڵانەوەی کوردو کزی کارئامەیی ڕۆشنبیری کوردە بەمەبەستی تیشک هاوێشتن بۆ ناخی کەموکوڕی ڕێگرو نا جێگرتوویی بیری پتەو و کۆڵندەرانەیە، بیرو باوەڕێک کە هیچ کۆسپێک لە کاتی تەنگانەدا نە توانی ڕێگای خۆبەدەستەوە دان تەخت بکات، بە چەشنێک لە هەلومەرجی دواکاتەکانی کۆماری کوردستان زۆربەی بەرپرسان پشت لە جەماوەری بەرین و هەژاری ئامادە لە مەیدان بکەن و بەڵێنی چەند ڕۆژ پێشووتر پشت گوێ بخرێ تا ژاندارم هەر ئەو هێزە بێوەرە خۆبەدەستەوە دەرە ی دوێنیی لە گەڵ تاقمێکی دووڕووی بەزیوی خۆماڵی لە خەڵک بین بە شێری مەیدان!!؟

## بەشی دووهەم

وەرد دانەوەی ڕابردوو یارمەتیمان دەدا فام کردنێکی تێروتەسەلتری شایان لە مێژووی خۆمان بەدەستەوە بدەین. هێنا نە گۆڕی پرسگەلی هێشتار وەڵام پێ نەدراو، فامی تاکی کورد لە سەر ڕابردووی خۆی دەوڵەمەند دەکا.

ئەگەر ڕابردووی دوورتر و کارەساتەکانی بە مێژوو بسپێرین و تەنێ کورتتری بە سەرهاتی خۆمان لە نێوان ساڵەکانی ١٨١٩ تا کۆتایی ٢٠٠٨ی زایینی بکەین بە ئاوێنەی تێڕامانی سیاسەتی دەسەڵاتی ناوەندی ئێران بەرانبەر بە کورد و کوردستانی ڕۆژهەڵات، ڕەنگە داهاتووی کورد سەرلە نوێ نە کارەساتی هەڵوەشاندنەوەی هەوڵ و کوێرەوەری فێداکارانەی چەشنی کۆماری کوردستان بە خۆوە ببینێ و نە ناچار بێ ڕۆژانە بۆ دەست خستنی ژمە نانێک لە سنوورە دەسکردەکاندا قوربانی بێ سنوور ببەخشێ.

لە ڕوانگەی هەر تاک و تاقمێکەوە ڕێژەی گرینگی هۆکارەکانی ئەم بەسەرهاتە جیاوازە. وانە و ئەزموونی کارەساتە مێژووییەکان ئەوە دەسەلمێنی کە ئێمە نەمان توانیوە هێشتار نەیارەکانمان وەک خۆیان بناسین. بە واتەیێکیتر ڕەنگامە بوونی پلانە داڕێژراوەکانی نەیارانی کورد بەتایبەت لە بەشی ڕۆژهەڵات تێکەڵی جۆرە ئازایەتی و هونەرێکی ئەوتۆ کراوە کە ئێمەی کورد توانای ئەوەمان پێشان نەداوە لە ژێر کاریگەری جادووگەرانەی زمان و کردەوەکانیان خۆ دەرباز کەین!!

با چەند وێنەی مێژوویی پێکەوە بە سەر بکەینەوە. بە هیوای ئەوە پتانسیل و هێزو توانا بە فێرۆ چووەکانمان لە درزو کەلێنی ئەم بەسەرهاتە ئاڵۆزە دا وە دۆزین.

١- ساڵی ١١٩٨ بەرانبەر بە ١٨١٩ی زایینی: ئەحمەد ئاغا کوڕی موحەمەد ئاغا حاکمی مەراغە، باپیر ئاغا سەرۆکی دەسەڵاتداری فێدراسیۆنی عەشایری کورد بە خۆی و هەزار کەسەوە بە بیانوی یارمەتی بانگ هێشتی ئەو شارە دەکا و بە پێ پلانی پێشتر داڕێژراو سەرجەم مێوانانی دامەزراو لە ماڵەکانی شاری مەراغە بە شەو لە گەڵ سەرۆکەکەیان (باپیر ئاغا) لە خەودا تاقە کەسێکی لێ دەرچێ, ئەوانیتر بە باپیر ئاغای سەرۆکیانەوە دەکوژن! دیارە ئەحمەد ئاغای بکوژی کوردان زاوای فەتحعەلیخانی قاجاڕ مێردی زەینەب خانم حەفدەهەمین کچی شا بوە.
٢- بوداق خان مۆکری: ساڵی ١٢٠٣هەرچەند بۆ هاریکاری کردنی دەسەڵاتی ناوەندی و قڕ کردنی ئێلی بلباس لە لایەن کوردەوە تاوانبار دەناسرێ، بە فەرمانی ئاقا موحەمەد خان چاوی دەر دەهێنن و دەی کوژن.

٣- ئەفراسیاو سوڵتانی زەرزا: ساڵی ١٢٠٧پاش ئەوە موحەممەد قوڵیخان (ئازەری) حاکمی ورمێ دەکەوێتە بەر غەزەبی موحەممەد خانی قاجاڕ. سوڵتانی زەرزا یارمەتی و داڵدەی دەدات. کاتێک کێشەکە چارە سەر دەکرێ و قوڵیخان دەکرێتەوە بە حاکمی ورمێ. ئەفراسیاو سوڵتان زاوای حاکمی دووبارە بە دەسەڵات گەیشتوو بۆ پیرۆزبایی دەچێتە لای، بە فەرمانی شا دەرمان داوی دەکەن و دەمرێ!!

٤- هەمزە ئاغای مەنگوڕ: سوپاسالاری شێخ عوبەیدوڵلا ٣٠ - ٧ - ١٨٨١ لەلایەن حەسەن عەلیخان (سەرتیپ) وەزیری فەوائێد کوڕی موحەممەد سادق خانی گەرووس لە دەستو پێوەندەکانی ناسرلدین شا قاجاڕ بۆ نێو خێوەتی سپا لە مەهاباد بە بیانووی ڕاوێژ و دڵدانەوە بانگ هێشتن دەکرێ. هاوکات لە گەڵ سەت کەس لە تفەنگچییەکانی دەدرێتە بەر دەسڕێژ و دەکوژرێ!

٥- حەسەن سانی هەورامان: ساڵی ١٢٨٤ لە لایەن فەرهاد میرزای قاجاڕ حاکمی کوردستان (سنە)دیسان بە نێو بۆ وتووێژ و پێشکەشکردنی خەڵاتی شاهانە!! بانگ هێشتی ئاوایی بێلَک لە ناوچەی مەریوان دەکرێ و بە فێڵ دەیکوژن.

٦- جەعفەرئاغای شکاک: ساڵی ١٢٨٤ پاش سەفەری موزەفەرلدین شا قاجاڕ بۆ ئۆروپا موحەممەد عەلی میرزا والی تەورێز لە جێگای خۆی دادەنێ. والی بە نزام ئەلسەلتەنە تلگرافی فەرمان دەدا جەعفەر ئاغا بکوژن. نزام ئەلسەلتەنە قورئانی مۆرکراو بۆ ئاغای شکاک دەنێرێ و داوای لێدەکا بۆ پاراستنی تەوریز بە هانایەوە بچێ. حسێن خانی زەڕغام یەکێک لە سەرانی سپای تەورێز خانی کورد بۆ سەرای خۆی مێوانی دەکا. بە گەیشتنی دەسڕێژی لێ دەکەن لە جێدا شەهید دەکرێ.

٧- حەمە سەعید سوڵتان حاکمی هەورامان: ساڵی ١٢٨٧ی کۆچی دوا بەدوای سوێند و قورئان بۆ پارێزگاری و ڕێز لێ گیران دەچێتە شاری سنە ئەویش بە پیلانی شەرەفەلمولک و فەرمانی موعتەمد ئەلدەولە قاجاڕ و وەزیر ئاقاخانی نووری لە شاری جوانڕۆ دەکوژرێت.

٨- پلانی ترۆری سمایل ئاغا سمکۆ: بە دانانی تەقەمەنی لە نێو قوتووی شیرینی: ساڵی ١٢٨٧ بەرانبەر ١٩١٩ بە دەستی موکەڕەم ئەلمولک جێگری والی تەورێز کە سمکۆ تێیدا دەرباز دەبێ بەڵام برایێکی دەکوژرێ.

٩- کوژرانی سمایل ئاغا سمکۆ: پووشپەڕی ١٣٠٩ بەرانبەر بە ١٧ی ژوئەنی ١٩٣٠لە شاری شنۆ بە فەرمانی ڕەزا شا پەهلەوی، هەمدیس بە بیانووی وتوویژ و پاش سوێند، قورئان و بەڵێنی پێدان.

١٠- لە سێدارە دانی پێشەوا و هاوڕێیانی دەی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦پاش قەولو بەڵێنی سەۆک وەزیران قەوام!

١١- کوشتنی دوکتۆر قاسملو و هاوڕێیانی: ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ بەرانبەر بە ١٣ی جوولای ١٩٨٩ لە وین پێتەختی ئۆتریش لە ژێر پەردەی وتووێژی چارەسەریدا!!

١٢- کوشتنی دوکتور سادق شەرەفکەندی و هارێیانی: ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ بەرانبەر بە ١٧ی دێسامبری ١٩٩٢ لە برلین (ئالمان) کاتی کۆبوونەوە بۆ یەکخستنی سەرانی هێزە سەرانسەریەکانی دژبەری تاران!! کە تەنێ کوردەکانی تێدا قوربانی کران؟؟؟ مەحکەمەی ناسراو بە میکۆنۆس(قەزایی ئاڵمان) دەسەلاتدارانی ئێران ی بە پلاندانەر و بەڕێوە بەری ئەم کردەوە

بەشی نۆهەم

ترۆریستیە ناساند.

ئەوە مشتێک لە خەروار کردەوەی دەسەڵاتدارانی ناوەندی ئێران - قاجار، پەهلەوی، و کۆماری ئیسلامی دژ بە میللەتی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتە کە لە ڕاستیدا یەک ڕەوشت یەک سیاسەت و یەک ئامانجی بە دواوە بوە، سەرکوتی بێ بەزەییانە و دوژمنایەتی پشت بەسراو بە هەر وەسیلەییک بەرانبەر نەتەوەی کورد.

مەخابن ڕێبەرانی ئێمە تا ئەوکاتە خۆیان لە سێبەری داری سێدارەی دەسەڵاتی تاران یا ڕووبەڕووی تیمی ترۆر و دەسڕێژو گولەبارانی پیاوەکانیاندا نەدیوە هەرکام بە شێوەیێک فریوی دوو دڵی و سێحری وتەی جادووگەرانەی "هەموتەنان عەزیز"! "مەرزداران غەیوور"! و بە کورتی" ئیرانیان ئەسیل"! یان وەک جامی ژار خواردوە. سەیرو سەمەرەتر ئەوەیە ئەم کاروانە درێژەدانی خوێناوی و مەرگباری خۆی بە ڕێگای پێشوودا بە زرڕەی زەنگی هەڵوێستی سیاسی! حێزبەکانمان نەسرەوتوانە بە بێ ئاوڕدانەوە لە پشتە سەر درێژە پێدەدات!

بەشی سێهەم

ئاکار و هەڵسوکەوتی ڕەزاشا قەڵش و مەودایێکی زیاتری لە تێفکرینی کورد سەبارەت بە ناسیۆنالیزمی ناسێندراو بە ئێرانی! و لە ڕاستیدا فارس هێنایە مەیدان و توانی کاریگەری خۆی لە بەشی سەرووی کوردستانی ڕۆژهەڵات کە هێشتار ئاسەواری شۆڕشی سمایل ئاغا (سمکۆ) و ئارارات و دەرسیم لە زەینی خەڵکدا زیندوو مابوو دەور بگێڕێ.

کاردانەوەی فەزایێکی ئەوتۆ توانی ئاڵترناتیوی ناسیۆنالیزمی مۆدێرن یان نەتەوە خوازی سەردەمیانە هەرنەبێ لە نێو توێژێکدا بکاتە دەستمایە، هەرچەند سەیری ڕووداوەکان ئەوە ناشارێتەوە ئەم پێ گەیشتنە لە بەرە بەری سەرهەڵدان و تافی لاوەتیدا پێش ئەوە ڕیشەی خۆڕاگری بە قەوەت بکا کەوتە بەر پەلامار و مەودای سەقامگری لێ ئەستێندرا.

نابەجێ نیە بوترێ سۆز و هەستی نەتەوەیی وەک پێش داهاتی بەرئانگارانە لە بەرانبەر زوڵم و زۆری مەئموور و ژاندارمەی شا دەچوو تا بە کەڵک وەر گرتن لە هەلو مەرجی سیاسی سەرهەڵدان و پشکووتنی باوەڕی نەتەوەیی لە گەل بیری نەتەوەیی لێک بئاڵێنێ. ئەم بزاڤە بە یەکەم کۆبوونەوە ( ٢٥ - ٦ - ١٣٢١)ی، ژ - ک لە باغی میکائیل (مەهاباد) بە بەشدار بوونی میرحاج و هاوڕێییکی تری لە حێزبی هیوا بە هەنگاونان لە پراکتیک دا (وێرای یارمەتی و پاڵپشتی هیوا و لاین و هۆکاریتری هاندەر) پێ نایە مەیدانی بە تەشکیلاتی کردن.



سەرچاوە Serchawe

بەڵگە بەجی ماوەکان وەک (گۆڤاری نیشتمان، ئۆرگانی بڵاو کەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ - ک) ڕای کەسایەتی و لاینی سەربەخۆ گومان لەوە ناهێڵنەوە بیرو بەرنامەی دامەزرینەرانی کۆمەلە، ولاتێکی سەر بەخۆی کوردی بوە، واتە ئەندامانی پێشڕەوی بیری نیشتمانی ڕێگا چارەی نەهامەتیەکانیان دیوەتەوە و هەنگاوی سەرەتایشیان (پەرەدانی خێرا بەلق و پۆ لە ناوچەکانی کوردستان) بۆ هەڵێناوەتەوە بەڵام: بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی بەرزی ئەوتۆ ئەمە تەنیا لێدانی باریکە ڕێیێکی دەسپێک بە حساب دێت.

نەبوونی فرسەتی پێویست و هەروەها گەلالە نەکرانی پەروەردەی ئەندامی خۆبەختکار و باوەڕمەند کە ئامادەی گیان دان و پاراستنی دەسکەوتە نەتەوەییەکان بێ ،ڕواڵەتی بوونی باوەڕی نەتەوەیی کە لەو سەردەمەدا تا ڕادەیێکی بەرچاو ببوو بە خواستی زۆربەی خەڵکی هەرێمی ژێر دەسەلاتی کۆمار،

ئەوە لەو درزە گەورانەبوون وەک پاشتر دەرکەوت سەلێندرا لە نیوان دەربڕێن و پێداگری لە پێکهاتەی کۆماری کوردستان تا ئاستی ئامادە بوون بۆ بەخشینی نرخی پێویست و نیشاندانی فیداکاری مەودایێکی زۆر هەبوە.

کاتێ دۆستی هاوپەیمانی وەک کۆماری ئازەربایجان بە ئاشکرا خەریکی ساتو سەودا لە گەڵ دوژمنی هاوبەش لە لایێک و قووتدانی کۆمار وەک ژێردەستەی خۆی لە لاییکیترە و ئەوە بۆ یەک یەکی بەرپرسان و بگرە جەماوەر ئاشکرایە ناکرێ دەست لە سەردەست لە هەچ دەرفەتێک بۆ تێگەیاندنی جەماوەر و تەیار کردنی لانی کەم فکریی ئەوان لەم بارەوە کۆتایی بکرێ.

لەوە بەرینتر پلانی ئاشکراو ڕۆژانەی تاران لە پەناگوێی کۆمار (سەقز، بانە، سەردەشت بۆ کرین و تەماح وەبەرنانی خەڵک و چەکدار کردن بە دژی کۆمار و پێوەندی نەپساو لە گەل سەرۆک عەشیرەتەکان خۆ باسی ڕۆژانەی نێو خەڵک بوە!

ئاوڕدانەوە لە نێوەرۆکی ئەم مەسەلە لە وتار و نووسراوکانی دەورانی کۆمار دا تا ڕادەیێک فامی تێئۆریک دە داتە جەماوەر و بەرپرسانی کوردستان، مەخابن تەیار کردنی کۆمەڵگا پراکتیزە ناکرێ تا ئەم مەترسیە بە ڕێژەییێک جێ و گرنگی خۆی پەیدا بکا. ئەوە کەلێنی گەورە ی وەک کەمتەرخەمی لە بیرۆکەی بەر چاو نەگیرانی ڕێکارەکانی داکۆکی لە تەمەنی کۆماردا پێوە دیارە.

کوردستانی ژمارە ٣٠ لە ژێر سەردێری "جێژن و بانگ هێشتنی ئاغای جەعفەری کەریمی (وەزیری ئامووزش) بە بۆنەی سەربەخۆیی و ناساندنی پێشەوای کوردستان" هاتوە:".... دەبێ بزانین هەر فەردیک بەڵکی هەر میللەتێک دە دەورەی ژینی خۆیدا جارێک تووشی خۆشبەختی و بەد بەختی دەبێت، ئەمما خۆشبەخت ئەو کەسە و ئەو میللەتەیە کە وەختی خۆشبەختی

و چارە ڕەشی تەشخیس دەدا و لە کاتی خۆشبەختی ئێستفادەی لێ دەکا و نایەڵێ بە هەدەر بڕوا و ئینشا ئەللا ئێمەش دەبێ فرسەت بە تاڵان بزانین و ئەو وەختە گرانبەهایەی بە هیچ قیمەتێک لە دەست نەدەین".

هەر لەم ڕێورەسمەدا پێشەوا قازی موحەممەد وتارێک پێشکەش دەکا کە بۆ بەر پەرچ دانەوەی ئەو لایانانە ئامادەنین ڕاستیەکانی سەربەخۆیی خوازی پێشەوا و کۆمار بسەلمێنن دەقی وتارەکە بە هەمان ڕێنووس لە کوردستانی ژمارە ٣٠ بخوێننەوە: "دو دفعه لە لایەن آذربایجانەوە بو تەوریزیان بانگ کردم کە لە آذربایجاندا کریمان هەبی ئەمن پیشنهادی وانم قبول نەکرد، چون ملتی کورد چوارسالە کە خود مختارە و داوای استقلال و تیک خستنەوەی تەواوی خاکی کوردستان دەکا زورم پی گران بو کە ایمە بە خودموختاری راضی بیین چونکو کە مدەی ئەو چند روژەی کە جیژن گیراوە احساساتیکی ایوە نوواندوتانە وینەییکی حساس و کاملە و دەبی دنیا بزانی کە کورد لیاقتی استقلال و سەر بەخویی هەیە".

ئاکامی ئەم بەشە ئەوەیە کە ڕێگا چارەی نەهامەتیەکان واتە ڕاگەیاندنی کۆماری سەربەخۆ و ئورگانیزمی ئێداری و حیزبی ئاشکرا بە ڕێژەییێکی باش لە بەر چاو گیراوە. بەڵام بەر پەرچدانەوەی پلانەکان و گیانی بەرئەنگاری بە ئاستی پێویست نەگەیشتوە. خۆ ڕاگری و کرداری کردنی بەڵێنیەکان ناتەواوە لەدەست دانی یەک لەچوار نەفەر ژنراڵی کۆمار (نانەوازادە سواری تەیارەی دوژمن دەبێ گوایە تەیارەکەی بەر دەبێتەوە!)، لەوەدەچێ هێشتار دوژمن و مەترسیەکانی بەهێند نەگیردرێن: لە ئاستی نێو نەتەوەیی دا گۆشە نیگای هۆمێد لە داگیر کەرانی هاوپەیمان هەڵنەگیراوە. بە وتەی میرزا موحەمەد ئەمین مەنگوڕی یەک لە کادرەکانی کۆمار، گوێ نەدان بە پێشنیار و ڕاوێژە کانی ژنراڵ حەمە ڕەشیدخان دووهەمین ژنراڵ لە قیس کۆمار دەچێ.

کریس کۆچرا (جنبش ملی کورد - ل ٢٢٥ - ٢٢٦) دەنووسێ: ڕێبەرانی کۆمار لە سرنج دان بە هۆکارە نێو نەتەوەییەکان بە توندی بێ ئاگاییان لە خۆ نیشان دەدا. یەکەمین و ئاشکرا ترین زەنگی خەتەر لەسەر کۆمار بەجێ هێشتنی هێزی سۆڤیەتیەکان (١٠ی مانگی مای ٤٦) و کشانەوەیان بوو کە ڕێبەرانی کورد گوێیان نەدایێ.

وەدەرنانی وەزیرەکانی حیزبی توده (١٩ی ئۆکتوبری ٤٦) دووهەمین نیشانە بوو.

سێهەمین نیشانە، قسەکانی جورج ئالێن سەفیری ئامریکا لە تاران بوو کە دووپاتی کردەوە "ئامریکا لە تەواویەتی ئەرزی ئێران پشتیوانی دەکا".



سەرچاوە
Serchawe

بەشی نۆهەم

کریس کۆچرا دەڵێ "کۆماری مەهاباد وەرگێڕی ئاکامی ئەو شکستەیە کە کوردەکان نەیان توانی پاش ۳۰ ساڵ بە سەریدا زاڵ بن (کە بە داخەوە ئێستا دەبێ بڵێین پاش (٦٣ ساڵ - نووسەر). ناو براوله درێژەدا ئەم پرسە دەسنیشان دەکا: ئایا بزاڤێکی ناسیۆنالیستی تۆخ دەتوانێ بە بێ هەبوونی مەرامێکی دیاریکراو شەڕێکی ڕزگاریدەر ئێدارەبکا؟

هەرچەند پەیکەری ڕێز و حورمەتی کۆماری کوردستان و خەباتکارانی لە دڵ و دەروون و وێژەی کورددیدا جێ خۆی گرتوە بەڵام دیسان درێژەی دوژمنایەتی نەیارانی تاران نشین، ئەو مەودایەی پاش تێپەڕ کردنی ٦٣ ساڵ بە خەڵک نەداوە تەنانەت ئەم پەیکەرە خاوەن ڕیشە لە دڵ و دەروونیاندا لانی کەم وەک هێماییێک لە گۆڕەپان یان قەراغ شەقامێک وەک مێژوو نیشان بدەن. بەڵام پەیکەری خوێنمژانی کورد و مێژووی سەلمێندراوی خوێنباریان لە هەر کەلێن و قوژبنێکی وڵاتی کوردەواری وێڕای هەر کردەوەیێکی هام چەشنی ڕۆژانە بۆ بیر هێنانەوەی دەسەڵاتی ملهوڕانەی خۆیان لێ کردوین بە داوولی نێو بێستان. نواندنی ڕۆژانەی ۲۵۰۰ ساڵ بۆ خۆیان ڕەوا، بەڵام مێژووی ٦٣ ساڵەی هاوچەرخ بۆ ئێمە ناڕەوایە. ئەوەیە مەرجی پاراستنی برایەتی و هاووڵاتی بوون لای ڕەگەزی فارسی برا!!!

ڕەنگە نابەجێ نەبێ زۆر بە کورتی ئاکارو هەڵوێستی لاینی بەرانبەری چەوسێنەری تاران (کورد)، بۆ مل دان بە خواستی ستەمکار ئاماژە پێ بکەین.

بە شێکی بەر چاوی کورد،کەسایەتی و کوڕە کانی کۆمار کە لەسەر سەکۆ و پشتی میکرۆفۆنی مینبەران گوڕەو نەڕەیان گوێ لادێی هەژاری کەڕ دەکرد! کورت پاش تێکچوونی کۆمار ملی ڕێگایان بەرەو تارانی بکوژی سەرکۆمارەکەیان گرت. وەک شتێک نەجاتییان بووبی! دەبوو وریا بن لە ئاخاوتنی فارسیدا "لەهجە" یان نەبی نەکوو بە دواکەوتوویان بزانن و بڵێن خەڵکی دێهاتن! لە ئەندامەتی حێزبی خائێنی تودەوە تا جێبهەی میللی، و... کەوتنە پەلەکردن! پاشتر حێزبی تودە باڵی ڕەشی بە سەر تاکوتووکی خوازیارانی درێژەدەری ئامانجەکانی کۆماردا گرت. نێوی "ئێران" بە پاشبەندی حێزبی دێمۆکراتی کوردستان زیاد کرا. وشەی پیرۆزی کۆمار بە جارێک لە بەرنامەی تێکۆشانی سیاسی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا پاک کرایەوە.

لە بری درێژەدان بە وەسیەتی سەرکۆمار بۆ متمانە نەکردن بە قەول و بەڵێن و سوێندی ڕەگەزی فەرمانڕەوا نە سەرێک چەندین سەری تر خرانە بەردەستی بکوژانی دەسەڵاتی "پرزە"! خودمۆختاری کرا بە ویستی سەرەکی! لە پاڵ ئەم لادانە گەورەیە لە ڕێبازی کۆمار و پێشەوا سەیر ئەوەیە هێشتار هەر خۆمان بە درێژەدەری ئامانجەکانی کۆمار دڵخۆش دەکەین!؟



سەرچاوە Serchawe

## بەشی نۆهەم

ئامانجێک کە پاش قوربانی گرتنی سەری ڕێبەرو هاوڕێکانی مەخابن لە تێکۆشانی ئەمجارەی حیزبەکانیشماندا جێگاییکی وەک خۆی هەرنەبێ لە ئامانجی دوارۆژ دا بۆ تەرخان نەکراوە!!

ئەگەر کۆمار و سەرکۆمارەکەی ئەستێرەی پڕشنگداری ئاسمانی کوردستان بوون، ئەی بۆ حازر نابین شوێنگری ڕێگەی ئەم ئەستێرانەبین؟

لە بەرنامەی خەباتی نوێ و پڕ لە قوربانیدا دا وشەی کۆمار جێگای نیە. (دیارە ئەمە ئەو ڕاستیە ناشارێتەوە کە لە بەر ئەوە خەباتی نوێ تێکۆشانی بۆ دامەزراندنەوەی سەرلە نوێ کۆمار نیە هیچ بەرهەمێکی نەبوە، بەڵکوو تێکۆشانی نوێ توانیویەتی دەوری تایبەت و ئاسەواری خۆی لە پانتایی بیرو زەین و مێژووی جووڵانەوەی کورد دا تۆمار بکا، بۆ وێنە خەباتی بەرگریکارانەی گەلی کورد، و لە ڕیزی پشەوەی دا حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، کاتی بە دەسەڵات گەیشتنی خۆمەینی،توانی شاڵاوی بەرینتری ئەم جارەی تاران بۆ نەهێشتنی یەکجاری کورد بەرپەرچ بداتەوە. لە جێدایە تێکۆشەرانی ئەم بوارە و قوربانیەکانی وەک پارێزەرانی بەقای نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕێزو حورمەتیان پارێزراوو بەرز بنرخێندرێ).

پاراستنی ڕێز و کەرامەتی خەباتکاران بە واتەی بێدەنگەکردن لە کەموکوڕی و ناتەواویەکانمان نیە.

بێدەنگە کردن لە هەڵە و لاری تێکۆشانی هێزە سیاسیەکان دەوری ئەرێنی لەسەرکورت کردنەوەی تەمەنی مەینەتیەکانمان ناگێڕێ.
کەموکوڕی، لاری و ناتەبایی و کەمتەرخەمی لەم بوارەدا تەنیا بەرۆکی حێزبی دێمۆکرات و ڕێکخراوەکانیتر ناگرێتەوە،بەڵکوو یەکە یەکەی ڕووناکبیر، نووسەرو خوێندکارو سەرجەمی خەڵکی کوردستان لە ڕۆژهەڵات دەپێکێ. ئەگەر زۆربەی خەڵکی ئێمە نەبوویێتە تەماشاچی بەسەرهاتی تاڵی ڕۆژانەی دەروجیرانی خۆی، ئەسفەهانی و مەشهەدی لە لاوە هاتوو توانای پێشێل کردنی کەرامەتی کوردانەی ئێمەیان نابێ. لە گەڵ ئەوە بەرپرسیارەتی سەرەکی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو لایەنانە کە خۆیان بە درێژە دەری ڕێبازی پێشەوا و حێزبەکەی دەزانن.

نەمر دوکتۆر قاسملو لەلاپەڕەی ١١ی سەرەتای چل ساڵ خەباتدا فەرموویەتی: "ڕاستی ئەوەیە کە نەسڵی دامەزرێنەری حیزب ئێستا ڕۆڵێکی لە تێکۆشانی حیزبی ئێمەدا نیە. زۆریان هەر پاش تێک چوونی کۆماری کوردستان وازیان لە خەباتی سیاسی هێنا".



سەرچاوە Serchawe

## بەشی نۆهەم

بە گشتی تاقمی پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان لە فارسی وتن و نووسیندا پێشڕەفتی ئەوتۆیان کرد کە هی وایان تێدایە زیدەتر لە سەت ئاسەواری مێژوویی ویژەیی و ڕۆمانی لە زمانەکانی ترەوە بۆ سەر فارسی، زمانی زمان بڕی باب، مام و کەسوکاریان وەرگێڕا! ڕاستی ئەوەیە لەم دەورەیەدا هەر وەک لە گۆمێکی قووڵ دا نۆقم بووبن ئاسەوارێک لە سوێند خواردووەکانی کۆمەڵە کە زۆربەیان بەرپرسایەتیان لە ئورگانیزمی کۆماردا هەبوو نەما.ئەوەیە کە حێزبی تودە دەبێتە مەیداندار و "دێمۆکراسی بۆ ئێران" دەبێ بە سەردێڕی تێکۆشانی نوێی ئێمە!!

وێڕای ئەوە: کاتێک هەژاری بلیمەت زمانی لە قوڕ چەقیوی فارسی بە وەرگێڕانی قانون (ئیبن سینا) لە عەرەبی بۆفارسی کە سەدان ساڵ تاقە فارسێک نەی وێرابوو بە لایدا بچێ ڕزگار دەکا، حەجاریانی ڕەگەز پەرستی فارس بە شێوەی هاوڕەگەزەکانیتری خزمەتەکانی هەژار چەواشە دەکا! حەجاریانی "ئیسلاح تەلەب" ئەم کارەی مامۆستا هەژار بە "بەڵگەی توانەوە و ئاسیمیلە بوونی زمانی کوردی، بێ مایە بوونی پێداگری کورد لە پێوەندی جیاوازی زمانی و نەتەوەیی کوردان لە ئێران"ی فرە ڕەگەز وەسف دەکا و بەرپەرچی هەبوونی میللەت و زمانێک بە ناوی کوردی کە تایبەتمەندی خۆماڵی هەبێ دەداتەوە. ڕاستی هەژاری ڕەحمەتی کە حازر نیە" وەڵامی قەبریش بە هیچ زمانێ جیا لە کوردی بداتەوە (بە کوردی دەژیم بەکوردی دەمرم، بەکوردی دەیدەم وەڵامی قەبرم... - هەژار)" لە بەرانبەر ئەم وتە دا وەڵامی چ دەبوو؟

ئەمە وێنەییێکی تەواو عەیار لە ئەمەکناسی بەرانبەر خزمەتەکانی کورد لای ڕەگەزی کورۆش و خومەینی ئاشکراتر دەکا.

حێزب و ڕێکخراو، نووسەر، وەرگێڕ، ڕۆشنبیری سیاسی و تاکی کورد ئەگەر ئێرادەی ئاوڕ دانەوە لە مێژووو بەسەرهاتی گەل و وڵاتی خۆیان نەبێ ،وێڕای دەسەملان نەبوونی کەمترین ماف، بیرو هۆش و قەڵەمیان دەکرێتە پردەبازی نە هێشتنی زمان، ناسنامە و کەرامەتی نەتەوەیی.

تۆ بڵێی: لە گۆڕستانی مەهاباد دا وەرگێڕی گەورەی ئێران (نەک کوردستان)! ڕەحمەتی موحەممەد قازی لە بەرانبەر پێشوای کۆماری کوردستان ئەو کەسەی کە لەڕیزی یەکەم کارەکانی دا مەدرەسەکانی کوردستانی ئازادی کرد،هەموو ئاسەوارێکی فارسی وەک نێوی مەدرەسە و زمان و کتێبی دەرسی زۆرەملی لەوێ کۆ کردەوە و پاشتر لەپێناوی ئەم ئەرکە نیشتمانیەدا گیانی بەخشی، چ پاساوێکی هەبێ؟

وەسیەت نامەکەی پێشەوای مەزنی کۆماری کوردستان پێش ئەوە خاکی کوردستان تەرمی پیرۆزی لە باوەش بگرێ کاتێک فەرموویەتی: "دڵ نیا بن ئەگەر دوژمن هەنگوێنتان بداتی تێکەڵاوی ژارە، فریوی سوێندە درۆزنانە کانیان مەخۆن



سەرچاوە
Serchawe

بەشی نۆهەم

،ئەگەر هەزار جار بە قورئان سوێند بخۆن هەمدیس مەبەستێک جیا لە لەنێوبردنی ئێوەیان نیە"، ئەم ڕاستیەی بۆ هەموان ڕوون کردوەتەوە.

## بەشی چوارەم

پێداگری لە سەر ئەم ڕاستیە لە جێدایە کە شرۆڤە، وەرد دانەوە و بە گشتی پشکنینی درزو کەلێنی لاینە جۆر بەجۆرەکانی پێکهاتەی "کۆماری دێمۆکراتیکی کوردستان" تا ئەو کاتە کورد نەتوانێ ڕاسپاردەکانی لە پانتایی کردەوەدا لە سەر خاکە پیرۆزەکەی سەردەمیانەتر کرداری بکات کۆتایی هەڵگر نیە. بە واتەیێکی دیکە کاتێک نەمان توانیوە کۆتایی بە چارەڕەشی میللەتەکەمان ببەخشین ئاوڕدانەوە لە ڕابردوو بۆ گەڕان بە شوێن هۆکارەکاندا واجبی بێ ئەملاو ئەولا دەژمێردرێ.

هەرچەند پەلاماری بەرنامە بۆ داڕێژراوی تاران مەودای بە سەقامگیر کردنی دەزگای ئیداری و سەربەخۆی کوردی لە چوارچێوەی مودێرنی ئیداری و حکومەتی (دەوڵەت میللەت) بەربەست کرد، دیسان نەتوانرا ناوەرۆکی پێشکەوتوانە، دێمۆکراتیک و ڕزگاری بەخشی کۆماری کوردستان و ویستی دور لە دەمارگرژی شەڕئەنگێزانە. ی ئەو لە چاوی دونیای دەرەوەی خۆی تەنانەت زۆریەک لە کەسایەتی سەر بە دامو دەزگای زلهێزەکان (ئارشیە ڕۆزوێڵت و هتد.) بشارێتەوە.

قازانج هەر ئەو موسیبەتە گەورەیە کەهاندەر دەبێ تا هێزی نەیار بۆ نە هێشتن و نەوی کردنی سەری بەرزی نەتەوە یێکی بەختیاری خواز ڕێنوێنی بکا، ئاساییترە لە ڕوانگەی زلهێزە خاوەن بڕیارەکانەوە ڕێگای مسۆگەر کردنی ئەم قازانجە سرنجی زێدەتری بدرێتێ بۆ ئەوە ماف و کەرامەتی میللەتێک بکرێ بە کاڵای ساتو سەودا. ئەگەر پێشتر کۆیلە بە تاک و بە کەشتی بۆ مامەڵە وقازانج ئێرەو ئەوێیان پێدەکرا، لە سەردەمی شەڕی دووهەم دا دەسەڵاتداران مێللەتێکیان بە خاکو نفوسەوە بۆ قازانج وەک کۆیلە لە جێدا بە کڕیار دەفرۆشت.

لە قسەکانی هۆمایونی فەرماندەی هێزەکانی ئێران لە کوردستان دا کاتی سەفەری پێشەوا و چاوپێ کەوتنی لە تاران دەردەکەوێ ناهومێدی بۆ ژێردەستە کردنەوەی کوردستان دەبێتە ماکەی خۆ بەدارو بەرد دادان تا بەهەر نرخێک ئەم دیوارە لە ڕۆخان نەهاتوە،

(پێشەوا) لە بەرانبەر خۆیان دا تێک بشکێنن.

دوکتۆر قاسملوو لە لاپەڕەی ٤٣ (چل ساڵ خەبات) دەنووسێ: "لە ڕاستیدا ئەو ناوچەیە ناوچەییکی ڕزگار کراو بوو. زۆر بەر لە پێک هاتنی هێزی دێمۆکراتی کوردستان لە ٣ی خەرمانانی ١٣٢٠ خەڵکی گوندەکانی ئەم ناوچەیە بە کردەوە دەسەڵاتی ڕژیمی شاهنشاییان لە نێو بردبوو..."

شان بە شانی دڵنیاتر بوونی خەڵک بە توانای ئێدارەی خۆماڵی و شکانی تەلیسمی زاڵ، لە بۆنەکاندا باسی پێمافی نۆ ملیون کورد (مەبەست هەمووکوردستانە) دەکرێ، بەرە بەرە بۆ نەهێشتنی ڕەمز، هێما و ئاسەوارەکانی دەسەڵاتی بێگانە ی - تاران هەنگاو هەڵدەگیردرێ.

دەست بەکاربوونێکی ئەوتۆ نەک هەر بە هەڵکەوت نەبوە بەڵکوو بەرێوەبردنی ڕێوڕەسم و بەشدار بوونی کەسایەتی بەرپرس، وەرگێڕی جەوهەری ویستی جێگیر کردنی سیستمی بەتەواوی خۆماڵی و نەهێشتنی یەکجاری ئاسەواری داگیرکارانی کوردستانە کە خەڵک تامەزرۆی هەلێکی ئەوتۆ بۆ دابەزاندنی بووون. لە پێناوی ئەم ئامانجەدابوو کە زمانی فارسی و ئاڵای ئێران کە نیشانەی سەرکوت و زەبرو زەنگ بوون بە جارێک وەلا نران. دەرسخانەی شاپوور لە شاری بۆکان گۆڕدرا بە دەرسخانەی - کوڕانی پێشەوای کوردستان. مەدرەسەی پەهلەوی گۆڕدرا بە کرمانجی.

مادەی دەرسی مەدرەسەی کوردستان ( ١٣٢٥ - ١ - ١٦ = ٠٢ - ٠٥ - ١٩٤٦) کرابە کوردی و ڕووسی. مەدرەسەیێک بە زمانی عیبری و کوردی بۆ جوەکانی مەهاباد کرایەوە. ئەوە لە کاتێک دابوو کە هێشتار دەوڵەتی ئیسراییل بە تەواوی جێگیر نەببوو. لە قەراغ ئەوەدا خوتبەی نوێژی جومعە (١٢ - ١١ - ١٣٢٤ = ٠٢ - ٠١ - ١٩٤٦) کرا بە کوردی. هەڵواسینی خەریتەی کوردستانی مەزن لە ئۆفیسی سەرۆکایەتی کۆمار (پشتەسەری)، هەوڵدانی بە کردەوە بۆ دامەزراندنی سیستمی ساتو سەودای ئابووری ڕاستەوخۆ و کرینی پێداویستی سەرەکی و فرۆشتنی بەرهەمی کشتوکاڵی کوردستان وەک توتون لە گەڵ ڕووسەکان، هەرکام لەو هەڵوێستە نەتەوەییانە جیا لە متمانە و باوەڕی پێشەوا بە ڕێبازی سەربەخۆیی، نیشانەییکە لە پاڵدانی سەرۆککۆمار بە ویستی جەماوەری کوردستان کە لە ڕێو ڕەسمی جێژنی ئازادی و سەربەخۆیی و ناساندنی پێشەوای کوردستان (هەینی ١٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤) بەرێزیان پێداگری لە سەردەکات.

پێشەوا بەرە بەرە و لە گەڵ تێپەڕینی کات هەنگاوی یەک لە دوای یەک بەرەو دابڕانی سیاسی و فەرهەنگی و ئابووری کامڵتری کوردستان لە بەرانبەر تاران هەڵدەگرێ.

**لە ڕاپۆرتی باقرۆف و ماسلانینکۆف (سەرۆکی گشتی سپای سۆڤیەت) بۆ ستالین و مۆلۆتۆف هاتوە: لە بەرانبەر هەڕەشەی**



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی نۆهەم

**جەهانبانی سەرلەشکری ئێران و سەرگورد کەشاوەرز لە سەردەشت قازی مۆحەممەد بە نوێنەری ئێمەی ڕاگەیاند:**

"ئێرانیەکان دەتوانن مەهاباد وێران بکەن، بەڵام هیچ کاتێک ناتوانن بڕیارمان بۆ گەیشتن بەسەر بەخۆیی تێک بشکێنن". دیارە ڕێنوینی باقرۆف و ماسلانینکۆف عەمەل بە پی ڕێنوێنیەکانی پێشەوا (ستالین) واتە بیانوو نەدان بە هێزەکانی ئێرانە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە هاوکات لە ئازەر بایجان ڕێگا دراوە لە چ گوند و شارێک ئاسەواری هێزی تاران نەهێڵن؟!

پێشەوا باوەڕێکی قووڵی بە چارەسەری هێمنانە و بەدوور لە خوێن ڕشتن هەبوە. شاراوە نیە کە ڕووسەکان و تاران کەڵکی سەوداگەرانە و مامەڵە چیانەیان لە تینەتی مرۆڤدۆستانە و ئێنسانی قازی موحەمەد وەرگرتوە. زمان لووسی و فێڵ بازی دەسەڵاتدارانی تاران بە تایبەت قەوامی سەرۆک وەزیر و ئەو بەڵێنیانە کە پاشتر پێشەوا لە وەسیەتنامەکەیدا باسیان دەکات: "فریوی سوێندی بە درۆیان مەخۆن، ئەگەر هەزار جار بە قورئان سوێند بخۆن دیسان مەبەستێک جیا لە فەوتاندنی ئێوەیان نیە"، قازی تووشی جۆرە هومێدێک دەکا، کە ڕەنگە جیا لە ناتەواوی نێو خۆیی و پشت تێکردنی سەرۆک عەشیرەتەکان و حکومەتی ئازەربایجان، هێندێ دڵخۆشی لە لایەن کاربەدەستانی سۆڤیەت و هەروەها ئینگلیسەکانەوە پێ درابی کە تاران بە وەعدەکانی پابەند دەبێ. چەکەرەی هۆمێدی ئەوتۆ نە تەنیا لای پێشەوا بگرە لای ژ - کافیە کانیش دەبی لە بەر ئەوە پێشتر پشتیوانی توندی خۆیان بۆ دانی ئیمتیازی نەوت بە سۆڤیەتەکان دەربڕیبوو بە قەوەت بووبێ. کەوابێ هەم سۆڤیەتەکان، هەم جەماعەتی ژ - ک و هەم پێشەوا وێکڕا کلاوی تارانیان چوەتەسەر! هەرچەند بۆ کوردەکان زۆرگران تەواو بوو.

هەر بۆیێ سەرۆککۆمار بڕیاری خۆراگری هەڵدەوەشێنێتەوە و پاش ئاشبەتاڵی ئازەربایجان بۆ خۆی بە پیری هێزەکانی ئەرتەشی شاهنشاهیەوە لە میاندووئاو دەچێ، وا دیارە بە پێ ئامۆژگاریەکانی تاران دیسان پێشەوا دڵنیا دەکرێتەوە، تا ئەو جێگا، لە سەر داوای نێو براو ئەرتەش ڕێگا بە چەکدارەکانی سەر بە سەرۆک عەشایری خۆفرۆش نادا پەلاماری مەهاباد بدەن. بەڵام کاتێک ئەرتەش لەسەر خواستی پێشەوا بە بێ هیچ چەشنە بەرگرییەکی دژبەرانە لە پێتەختی کۆماری کوردستان جیگیر دەبێتەوە، ئەوجار ئێتر نۆرەی تۆڵە لە کەسایەتی یەکەم و کۆڵەکەی بیرو باوەری جەماوەر (قازی موحەمەد) دێت. لەگەڵ ئەوە چ کاتی گیران و زیندان کرانی پێشەوا و چ هەمبەر سێدارە درانی ناوبراو و هاوڕێیانی دەسەڵاتی شا دژکردەوەییێکی ئەوتۆی لە خەڵک بەدی نەکرد ! بە بێ ترس دەست کرا بە گرتنو ڕاو نانی پاشماوەی بەشێک لە بەرپرسان وسەقامگیر کردنەوەی توندو تۆڵتری پاکتاوی زمانی کوردی و هەر چەشنە ڕەنگو بۆنێکی ئازادیخوازی و نەتەوەیی.

## بەشی نۆهەم

سەیر ئەوەیە خۆشەویست، پایەبەرز و بەڕێزترین کەسایەتی کۆمەڵگاکە هەر ئەو کەسە تا دوێنی هەموو سوێندیان بە سەری (پێشەوا) دەخوارد! بۆ هەر لایێک دەچوو لە بەر لاقی گاو گەردوونیان دەکرد، تەرمە بێگیانەکەی خۆی و سەدرو سەیف ماوەبێکی زۆر بەسەر داری سێدارەوە با ڕایان دەوەشێنێ! بەڵام شاری قازی! لە ئەوپەڕی بێ دەنگی دا وەک ئەوە زیرۆحی تێدانەبێ متقیان لە خۆ بڕیوە!؟ نە لەژنراڵ و ئەفسەرانی گیانفیدای کۆمار و پێشەوا خەبەرێک هەیە و نە خاوەنانی وتارە ئاگرینەکانی دوێنێ؟؟ هەروابزانە ئەوانیش وەک حیزبەکانی ئێمڕۆ کۆماریان وەک ئەستێرە لە ئاسمان خۆشتر ویستوە تاوەک واقعیەت لەسەر عەرزی کوردستان!

مەهاباد ئەو شارە کە لاوەکانی یەکەم ڕێکخراوی نەتەوە خوازی پڕ پاڵپشتی لێکراویان دامەزراند، مەهاباد ئەو شارە سەربەرزی هەڵکردنی فەرمی ئاڵای کوردستانی بۆ خۆی تۆمار کرد، و بە کورتی مەهابادی "پێتەختی کوردستان" لە ڕاستیدا وێڕای شارو گوندەکانیتر پێشەوای خۆیان بە تەنێ هێشت. هەر چەند زۆر پاش لە سێدارە درانی پێشەوا مەهاباد گوێ دایە بەشێک لە وەسیەتەکەی قازی مۆحەمەد، بەڵام شوورای ئەم شارە تا ئێستاکەشی لە گەڵ بێ، نەیتوانیوە شەقامێکی ئەم شارە بەنێوی ئەو ڕێبەرە مەزنە کە دەکرێ بڵێن گاندی بە تەنێ هێڵراوی کوردستان بوو نێو دێر بکەن!

لە لایێکیتر ئینگلیسەکان نە تەنیا هێمنایەتی عێراقیان زۆر لا گرینگ بوو. هەر ئەوان بوون کە هێزی لەرزۆکی عێراقیان یارمەتیدا تا مەلا مستەفا بارزانی بەرەو کوردستان پاشەکشێ پێ بکەن. زۆر ئاساییە کە ئەگەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ماف و ئازادی بگەیشتبایە، ئەوجار نەمر بارزانی بە پشتێکی قایمەوە توانای زیاتری بۆ پاشەکشە پێکردنی عەرەبەکان لە باشووری کوردستان دەبوو، ئەوە ئەو مەترسیە بوو کە ئینگلیسەکان لێی غافڵ نەبوون. وتووێژی بارزانی لە گەڵ یەکەم ژمارەی هاواری نیشتمان (ژمارە یەک لاپەڕە ١٩ - یەکی خاکەلێوەی ١٣٢٥) ئەم بۆ چوونە دەسەلمێنێ. نێو براو لە وەلامی پرسیاری هاواری نیشتمان کە: ئایا تەقازای ئەنگۆ لە حکومەتی عێراق چیە؟ دەڵێ؛ "

بە بێ قەیدو شەرت ئامانجی من ئازاد کردنی کوردستانی عێراق و سەربەخۆیی و لە دوایدا ئازاد کرانی ئەو کوردانەی کە لە ژێر دەستی بێگانەدان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئێتحادی کوردە".

وەڵامێکی ئەوتۆ نەک هەر ئینگلیس کە هەزار ئاواتی چەپاوکارانە لە سەریدایە، بەڵکوو تورک و باقی نەیاران بەرەو هاودەنگی بەرینتری دوژمنانە ڕەکیش دەکا. لە هەمان حاڵدا کە کوردو کاربەدەستانی کۆماری کوردستان ڕەنگە لە بەرانبەر ئەم مەترسیە مەزنەدا پێیان وابووبێ "خواکەریمە"! دەکرێ بوترێ لاینە جۆر بە جۆرەکانی مەترسیەکان لە کردەوەدا ئاوڕی شیاوی لێ نەدراوەتەوە.

دیارە بۆ ئاشکرا کردنی زیاتری سیاسەتی نەئینی ئینگلیس پێویستە ئەوەش زیاد بکرێ کە ساڵێ ١٩٤٣ کوردەکان هەم لە تەورێز و هەم لە سنە سەردانی ئینگلیسەکان دەکەن و خوازیاری یارمەتی بۆ سەر بەخۆیی کوردستان و چەک و پارە و یارمەتی ئەوان دەبن بۆ جیا کردنەوەی بەشە کانی کوردستان لە ئێران،

عێراق و تورکیە. (ئورکات) کونسولی بریتانیا لە تەورێز کێشەی سەربەخۆیی کوردستان بۆ پاش شەڕی جیهانی دووهەم و تەنێ ئامادەکاری یارمەتی بۆ کردنەوەی قوتابخانەی کوردی دەر دەبڕێ. هەمان داخوازلە ئینگلیس بۆسەربەخۆیی کوردستان لە لایەن هەورامیەکانەوە درا بە داگیرکەران لە سنە، بەڵام پاش ماوەییک سەرقاڵ کردن بێ وەڵام مایەوە.

سەرکوت و تێکشکاندن بە نەهێشتنی کۆمار و سەرۆکەکەی کۆتایی نایێت، لاینێکیتری تۆڵە ئەستاندنەوە و نیشاندانی قووڵی دوژمنایەتی دەسەڵاتی سەرلەنوێ زاڵ بەسەر کوردستاندا، دانی مەیدانی دەسەڵاتێکی درێوی چەند لاینی و مەبەستدارِ بە ئازەربایجانی ژێردەسەڵاتیان بوو، تا لە پەنای ئەم سیاسەتەدا (بەشدار کردنیان لە دەسەڵات)، هەم پلانی تێکەڵ بە فارس کردنی هێدی و لەسەرەخۆ بە دژی ئازەریەکان دابەزێنن و هەم بە پێکهێنانی دەرەتانی تێکەڵی زیاتر لە گەڵ کوردستان (سازکردنی ستانی ئازەربایجانی رۆژئاوا!) و بەخشینی پۆستی ئیداری و لەشکری بەتایبەت لە هەرێمی کۆمار، سیاسەتی دوژمنکارانەی کۆن لە رێگەی هاوپەیمانانی پێشووی کوردەوە لە ناوچە پەرە پێبدەن! واتە بە تیریک دوو نیشانە بپێکن، کە ئێمرۆ ئاسەوارە زیانبارەکانی ئەو سیاسەتە (دابەش کرانی بەشێکیتری کوردستان ئەمجارە بە سەر ئازەربایجاندا)لە کەس شاراوە نیە.

ئەوە ئەو سیاسەتە دارێژراوەیە کە رەزاشا و هاوبیرانی لە رەگەزی فارس دایان رشت. ژمارەی یەکەمی گۆڤاری "ئایەندە" لاپەڕە ٦٢ سەردەمی رەزاشا دەنووسێ:

"هر زمان این امر یعنی "فارسی شدن" کردهای ایران صورت گرفت آنوقت برای ما هیچ مضر نخواهد بود اگر روزی کردستان عثمانی مستقل شود و بین ما و دولت ترک، یک دولت کوچک ایرانی نژاد در آن حدود فاصله باشد". هەمان سەرچاوە لە درێژەدا مەترسی خۆیان لە هاتنە گۆڕی مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان ناشارڕێتەوە و هێناویەتی:

" چند سال است که زمزمه استقلال کردستان بمیان آمده و بعضی از کردهای عثمانی، با ساز آن میرقصند. باید خاطر اولیای امور خود را یاد آور شویم که سیاست داخلی ما باید طوری باشد تا بمرور زمان ولی هرچه زودتر کردهای ایران که از نژاد ایرانی هستند و زبان آنها یکی از لسان های ایرانی است، با سایر ایرانیان آمیخته و یکی شده، فرقی در میان

بەشی نۆهەم

نماند، چاره قطعی تـأسیس مدارس در ان نواحی، ترویج زبان فارسی، تعلیم تاریخ ایران و... میباشد

ئەوە گۆشەیێک لە سیاسەتی بێ بڕانەوەی لاینی بەرانبەر بە میللەتی کوردە، کە ئێمە بە حەق و ناحەق لە زۆر بۆنەدا و لە لایەن زۆربەی حێزبە خەباتکارەکانمانەوە لە گەڵ تەجرەبە کردنی دوورو درێژی ئەم رێبازە، تۆی هیوایێکی بێ سەرئەنجامی وزەفەوتێن بۆ وازهێنانی دەسەڵاتی ڕەگەزی فەرمانڕەوا لە سیاسەتی گەڵاڵە کراوی خۆی واتە چارەسەری کێشەی کورد دەچێنین! هەرچی، حەجاریان و هۆمایون و ئەحمەدی نژادەکان بە بێ شەرم و ڕارایی دووپاتی دەکەنەوە، بۆی تێدەکۆشن و تۆزقاڵێک لەو سیاسەتە پاشەکشێ ناکەن. بەڵام وتەبێژی حێزبی ئێمە لە بۆنەی یادی کۆماری کوردستان سەعاتی ٨:٢٥ دەقیقە ی ئێوارەی ٢١ - ١ - ٢٠٠٩ لە بەرنامەیێکی تلفۆنی تلویزیۆنەکەیدا بە بیانووی دووی ڕێبەندان، وتەی بەرێوەبەری بەرنامەکە پشتڕاست دەکاتەوە کە"...

اتهاماتی که آنموقع به ملت کرد زده میشد، امروز هم گفته میشود...!!! روون نیە لە کام گۆشەی بەڵگەنامەکانی پاش دووی ڕێبەندان ١٣٢٤ "سەرکۆماری مۆعەزەمی کۆماری دێمۆکراتیکی کردستان" داوای خۆدمۆختاری کردوە و ئاڵای شاهەنشایی وەک پاشەکشە لە ویستی سەربەخۆیی لە پەنای ئاڵای کوردستان بەرز کردوەتەوە؟ خۆبەدەستەوەدان و زەبوونی لە بەرانبەر بکوژانی کورد بە ڕادەیێک سەری هەڵداوە کە ئەندامێکی ڕێبەری حێزبی دێمۆکرات لە بەرنامەیێکی پێوەندیدار بە کۆمار دەڵێ :

"محمد رضا پهلوی دربدارآویختن قاضی محمد دخالت نداشته است"!! بەرە بەرە خەریکە شک و گومانی ئەو دەنگۆیانە زاڵ دەبێ، کە بەشێک هەوڵی ئەوە دەدەن مێژووی دەورانی سەلجووقی دوو پات کەنەوە! (پاش کوژرانی مەلکشا سەلجووقی ژنەکەی بە کەڵک وەرگرتن لە جوانی خۆی فەرماندەرانی عەشایری کرماشان و کرند لە گەڵ خۆی هاو دەنگ دەکا ئەگەر پشتگیری بکەن و پاشایەتی ئێرانی لە ئەسفەهان بۆ سەقامگیر بکەنەوە، ئەوجار دڵیان پێ دەسپێرێ، بەڵام مێژوو دەری خست کە بیوەژنی شای سەلجووقی چ بەڵاییکی بە سەر کوردی لاینگرانی شابانوو لە شاری ئەسفەهان هێنا!).

وتەی وتە بێژی حێزبی سەبارەت بە خودمۆختاری خوازی پێشەوا هەڵگری نێوەرۆکێکی ئەوتۆیە کە دەستەواژە و وشەکانی گۆکراو لە لاین سەرکۆماری کوردستان و کادرو بەرپرسەکانی بە گشتی لە نێوەرۆک بەتاڵ، هاکەزایی و بە بێ فام لە مانای ڕاستەقینە بەکار هێنرابن؟!

ئەگینا چۆن دەکرێ وتەگەلی وەک: کۆماری کوردستان، ڕیاسەتی جمهوری، کوردستانی سەربەخۆ، دەوڵەتی جمهوری

## بەشی نۆهەم

کوردستان،ئاڵای پیرۆزی سەربەخۆیی کوردستان، سەربەستی، سەربەخۆیی، ئێستقلال کە بە فراوانی لە دووتوێ وتار و بەیان نامە و هەڵوێستەکانیاندا بۆ پێکهاتەی دەسەڵاتە سەرتاپا سەربەخۆ و کوردیەکەیان بێژرابن، بۆ وێنە بەکار هێنانی نێوی ڕیاسەتی جمهوری کوردستان لە لاپەڕەی ٣ی کوردستانی ژمارە ٣٨ حەوت جاران، تەنیا بە هەڵکەوت و لەڕووی هەوەس گۆ کرابن؟

لە هەلو مەرجێکدا کە ٦٣ ساڵ بە سەر تەمەنی کۆمار تێپەڕدەکا، بەشێک لەو حیزبە کە وادیارە تازە وشیار بوەتەوە وشەی "ئێران" زیادی بە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانەوە لکێندراوە! بۆ نیشاندانی کارامە بوونی تێکۆشانیان لە ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان (کە تاماوەییێک پێش تاوانی دابڕان لە خەڵکی کوردستان و پاسیو بوونی خۆی بە گرفتی خوڵقێندراوی بەشەکەیتر دەزانی!)، شانازی بە نووسینی سلۆگان و بڵاو کردنەوەی تراکتی حیزبی بە هۆی لاینگران لە (بەردەقووچ)، (بەردە سپیان)، (گردە مریشک) دەکا، و وەک ئەوە هەرنەبێ مژدەی یەکیەتی برایانەی ڕیزەدابڕاوەکان- ی بە دژی نەیاری سەرکی ڕاگەیاندبێ، ئاگر کردنەوە لە بەرزایی (وەڵیو) بە گوێ ئۆمەتی کۆمار خنکاو دەگەیێنێ!!

وتە بێژی ئەم بەشە (لە بۆنەی ساڵوەگەڕی دووی ڕێبەندان لە کورد کاناڵ: بە "لێدانی ناڵ" و بزمار و هاوکات لە گەل بە زەوق وتنەوەی وشە فارسیەکانی (فرا حزبی، نهادینە، شفاف، مدنیت و...) و هێنانی وشەگەلی، داگیر کەرانی کوردستان، حکومەتی کوردی و دانی ئەم بەڵێنیە "کورد بە بریارتر لە داهاتوودا تەواوی ئەو ئارەزوویانە تەبدیل بە واقعیەت دەکا "و" ئەگەر حکومەتی ئیسلامی عاقڵ بی و ئاڵو گۆڕ لە نێو خۆی دا پێک بێنێ، ئەمان وتووێژیان نهادینە! کردوە!! و ڕێگا حەل هەر دیالۆگە دەگەڵ داگیرکەران" ئاوێکی سارد بە سەر هەموو ئەو هەڵوێستانەدا دەرێژێ کە بە ساڵانە لە ژێر پەردەی نەگونجانی وڵایەتی فەقێ لە گەڵ مەسەلەی ماف و ئازادی دەرخواردی خەڵکمان دەدا!

لەوە دەچێ وتەکانی ئۆباما سەرۆکی نوێی ئامریکا بە بێ کاریگەری نە بووبن! ئێستا بەڕێزیان چەند سەری سەرۆکیتری جیا لە قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی بۆ وتووێژی داهاتوو دیاری کردوە، ئەوە ئاوێنەی ڕابردووو وەسیەت نامەکەی پێشەوا، دامەزرێنەری حیزب بۆ ئەوانەیە کە خۆیان درێژە دەری ڕێبازەکەی دەناسێنن لە پێناوی متمانە نەکردن بە تاران و پاراستنی یەکیەتی خۆیان (کە قەت بە قسەی پێشەوا نەجووڵاونەتەوە)! بە ڕوونی لە بەردەست دایە.

نووسەری ئەم پێداچوونەوە لە هەڵوێست و ڕابردوومان لەو بروایەدا نیە کە خۆدمۆختاری یان فدرالیزم هەر نەبێ وەک دەسپێک و ڕێخۆشکەری ئەو ئامانجانە کە قازی حەولی بۆدا بە بێ قازانج و بایخ سەیربکا. سەرەڕای ئەوە هەر حیزب و تاکێکی کۆمەڵگای کوردستان سەرپشکە بۆ دەربڕینی جۆری چارە سەری مرۆڤی کێشەی کورد. بەڵام نارەوا ئەوەیە بە ئاشکرا



سەرچاوە Serchawe

## بەشی نۆهەم

مێژوێک کە قوربانی بۆدراوە، بە سەدان بەڵگەی حاشاهەڵنەگری تۆمار کراون، بە دەیان کتێبی لە سەر نووسراوە تەنێ بۆ مەبەستێکی بە ئاشکرا ڕانەگەیێندراو چەواشە بکرێ!!

دیارە وەک پێشەوا بۆ خۆی باسدەکات و دوکتۆر قاسملوو لە چل سال خەباتەکەیدا هێناویەتی چوارساڵ پێش ڕاگەیاندنی کۆمار، خەڵک لە راستیدا خۆدمۆختارییان بەدەست هێناوە. پێشەوا لە کۆردستانی ژمارە ۳۰ دا بە پشت بەستن بە داخوازی خەڵک، فەرموویەتی "زۆرم پێ گرانبوو کە ئێمە بە خۆدمۆختاری رازی بین".

## بەشی پێنجەم و کۆتایی

ڕووناکبیری کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕەنگە بە گوێرەی پێویست ئەو هەڵوێستەی خۆی وەرد نەدابێتەوە کە پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان بە قەبلاندنی ڕاپەڕینی خەڵکی لە داخوازی سەر بەخۆیی بۆ کێشەی نێوخۆیی ئێران! هەم سەربڕینی سەرکردەکانی خۆی و هەم گاڵە دانی ئەگەری هەر چەشنە پشتیوانی و بە پیرەوە چوونێکی دەرەکی بە قازانجی خوداوەندانی تاران بە دژی خۆی یاسایی کرد! ئەوە ئەو لاوازیە بە هێزە لە درێژەی پاشکۆ بوونێکە کە ڕووناکبیری درێژە دەری خەبات بە لە دەستدانی پێشەوا، ڕێبەری بە وتەیێک "کلاسیک" لە لایەن حێزبی سەربە تەواویەتخوازانی ئێرانەوە تووشی کرا.

ناوە رۆکە ساکارەکەی ئەم بەسەرها تە خۆکردە زیانبارە ئەوەیە کە کورد لە کوردستانی ڕۆژهەلات قەیوم و خوداوەندێکی بە ناوی "حکومەتی ناوەندی" بە سەر خۆیدا زاڵ کرد کە بە پێ یاسا نافەرمانی لەو تووشی ئەو بەسەرهاتەمان دەکا کە کوردستان ڕۆژانە بە بەربلاوی شاهێدی خوێن، خەم و ئەشکەنجە و برسیتی و بێبەشی لە مافی ئێنسانی دانیشتوانیەتی.

قازی: هەر چەند باوەڕی بە وتووێژ بۆ بەرگری لە کوشتار و ئاسوودەیی خەڵکی کورد تا ڕادەی خۆ قۆربانی کردن وەگەڕ دەخات. بەڵام کاتیک لەشکری تاران لە بەرەی سەقز بە پێچەوانەی بەڵێن و ڕێککەوتنەکان (۱۶ی ئۆکتۆبری ٤٦) سێ کامیونی پڕ لە چەک و تەقەمەنی لە ژێر فەرمانی ستوانیەکەم (سرباز وطن)بۆ ناوچەکە دەنێرێ، کە پێشمەرگە بە وریایی دەست بە سەر چەک و نەفەرەکاندا دەگرن. (هەر وەک ئاگربەستەکەی خۆمەینی لە شەڕی سێ مانگەی ساڵی ٥٩ لە بەرەی نەوسوود بە کەڵک وەر گرتن لە ئامبۆلانس بۆ گواستنەوەی چەکوچۆڵ کردیان.) دەست لە وتووێژ هەڵدەگرێ و وەلامی ئەوە دەبێ تا ئاژاوە گێڕان لەو پۆستە دابن وتووێژ هیچ ئاکامێکی نابێ.

پێشەوای کۆماری کوردستان بە جوێ لەوە کە بۆخۆی پەیمان و بەڵێن و سوێندەکەی تارادەی خۆ قوربانیکردن بردەسەر، لە

## بەشی نۆهەم

وەسیەتنامەکەیدا لە کورد دەخوازێ تا بیری سەربەخۆییخوازی بەرنەدەن لەبەر ئەوە هەموو شتێکی کورد لە بوونی سەربەخۆییدا دەبینێ.

"از قیام دست بر ندارید تا از سلطه رهایی یابید. اگر سر زمینی داشته باشید استقلالی داشته باشید و مال وخاک و میهن شما متعلق بخود شماباشد ، آنگاه همه چیز خواهید داشت، هم مال هم ثروت، هم دولت هم آبرو و هم میهن".

خوێنەری هێژا: مێژووی پێ هەڵگوتن (پێیا هەڵدان) و سۆزو هەست نە دەوری ماوە و نە چارە سەری پێیە. کاتی ئەوە خەریکە درەنگ دەبێ ئەگەر کورد ئاوڕی زانستی و دوورلە هەستو سۆزی پشت بەستوو بە بەڵگە نەکاتە دەسپێکی هۆکاری نەهامەتی و بە بێ سەرئەنجام بوونی خەباتی دوورو درێژی خۆی لە بەشی کوردستانی ڕۆژهەلات.

ئەوە کە تا ئێستا هاتوە بە چاک و بە خراپ بە سەرکەوتوویی و تێشکان هەر هەمووی مێژووی شیرین و تاڵی میللەتی ئێمەیە کە کەمو زۆر لە دەورانی جیا جیا دا هەرکامەمان تیدا بە ڕێژەییێک شەریک و خوڵقێنەری بووین. لێرە دا مەبەست ئەوە نییە کە کەسێک بێ تاوان و لاینێک بە تاوانبار بناسرێ لاینەکانیش لە کۆمەڵێک تاک پێک هاتون کە هەموویان لە خۆڵقاندنی بەسەرهاتەکەماندا دەوریان هەبوە. عەلی ئەمینی، سەرۆک وەزیری شا پشتگیری مۆسەدق-ی دژبەری دەکا لە بەر ئەوە کاتی خۆی لە شانزدەهەمین دەورەی مەجلسی ئێران دا لە سەر حکومەتی میللی ئازەربایجان وتوویەتی "یک عده قلیل نمی توانند و حق ندارند دعوی خومختاری کنند"!

(روزنامه ایران و جهان - ش ۱۷۵ - ۱۹۸٤ - ۰۹ - ۱٦).

لە کەشو هەواییێک دا کە بیری ڕەگەز پەرستانەی ناسیۆنالیستی خۆ سەپێن لە گەڵ سیستمی دێمۆکراسی و ئازادیخوازانەی داواکراوی حێزبەکانی ئێمە هەر وەک وتەی بەڕێز جەماڵ نەبەز "وەک هەتاوو گۆشتی بۆ گەنیوە، هەر چی هەتاوەکە بەتینتر بێ بۆگەنیوی گۆشتەکە زێدەتر هەڵدەستێ"، لانیکەم لە نەیارەکانمانەوە فێربین پشتی یەکتر بگرین، هەڵەکانمان پشتڕاست بکەینەوەو لە بری ڕوو کردن لە نەیاری فێڵە بازی تاقیکراوە دەستی یەکتر بگرین. ئەوە هەڵوێستی (مصدق) هەر ئەو کەسەیە کە تاک و کۆی کورد بەساڵانێکی دوورو درێژە لە خۆی کردوە بە "شێخی سەنعان"! کاتێک هەڵوێستی کەسایەتی هەرە دێمۆکراتی ڕەگەزی زاڵ بەرانبەر لانیکەمی ویستی ڕەوای میللەتێک ئەوەبێ! ئیتر چاوەڕوانی لە تۆرەمەی ڕەزاشا و خۆمەینی دەبێ کامە بەرهەمی بۆ دابەشکردنی دەسەڵات و مافەکان لە چووار چێوەی خەونەکانی ئێمەی لە خۆ گرتبێ؟

خۆزگە "وتە بێژ"ی وتووێژخوازی شەق تێکەوتووی هاو خەباتەکەی دوێنێ لە گەڵ و"تە بێژی سکرتێری گشتی" لە جیاتی مۆرە کردن لە یەکتر و شیرو تیر لەیەک سوین پێش هەڵکردنەوەی ئالای پێغەمبری ئاشتی بوون لە گەڵ گوێ نەبیسی نەیار، ئاورێک لە دیواری حەوشەکەی ئەودیوی خۆیان لە کەمپی (کۆی) بدەنەوە، ئەوجار ڕوو لە تارانی پێغەمبەری ئاشتی کوژ بۆ خۆڵقاندنی وین و برلین و چوار چراییکیتر بکەن.

دوکتۆر قاسملوو (چل ساڵ خەبات) دەڵێ: "مێژووی کۆماری کوردستان مێژووی هەموو خەڵکی کوردستانە، بۆیێ هەرتاکیکی کورد مافی ئەوەی هەیە وەردی بداتەوە و خاڵی کزو بەهێزی دەسنیشان بکا". ئەم ڕاستیە لێرەدا جێ دەگرێ کە مێژووی سی ساڵەی ئەمدواییە مێژووی دەسکردی ئێمەیە، بۆیێ دەبی ئاوڕی دوور لە سۆزی لێ بدەینەوە تا ئەگەر بۆ خۆمان خەیروبێری جێالە تەمەنێک دەربەدەری تێدا نەبوو، شکست و بەسەرهاتی ئێمە و کۆمەڵگاکەمان کە هێشتار ڕۆژانە قوربانی دەدا بەرۆکی نەسڵە کانیترمان نەگرێ.

کاپیتاڵی بەڕواڵەت ئامادە لەمەیدانی گەلی ئێمە لە پێوەندی داواکاری گەلاڵەکراوی مافە سەرەتاییەکان وێرای تێکۆشانی تاکو تەرا وڕۆشنبیری سەربەست، حێزب و ڕێکخراوەکانی کوردستانن. خەباتی ئەم حێزبانە زیاتر لە سۆنگەی وتار و هەڵسوکەوتی ڕێبەرەکانەوە خۆ دەنوێنێ (کە وا باس دەکرێ زۆرجار سەرە ڕۆیانە بێ). هەر ئەم ڕێبەرانە لەسەردەمی ژیاندا بە فراوانی تووشی هەڵە و هەڵداشتن دەکرێن ! بەلام پاش مردن یا کوژران (لای کورد زۆرتر کوژرانە)! دەکرێن بە حەزرەتی عیسا! تەنیا بۆ قازانجی دینداران نە کۆمەڵگایێک کە پێویستە ڕزگار بکرێ! موریدی باش ئەوەیە وێنەی جوانتریان لێ بکێشێ بە کوڵەباڵ یا بێ کوڵەباڵ! پەیتا پەیتا خۆی بە ڕیبەرەوە هەڵواسێ، تا زۆرتر وەفادار بە ئامانجی حێزب بناسرێ!؟ پێشەوا ڕێبەرمانە: بەلام قەت گوێ نادرێتە ئامۆژگاریەکانی؟ هەر وەک ئەویش گوێ نەدا بە خەڵکی پێش خۆی! قاسملوو پێغەمبەرمانە: پێغەمبەری ئاشتی، بەلام دانیشتن و قسە لە ئاشتی نێو خۆیی کورد کردن بۆ کورد حەرام و بۆ دوژمن و سەربڕینمان حەلاڵە!! بۆ یەک خستنی بێگانە نە سەرێک نە ڕێبەرێ، کۆمەڵێک سەر قوربانی دەکەین، بەلام بۆ یەک خستنی هێز و توانای خۆمان سەبری دوو ساڵ تەرخان کردنی کاتمان نیە. بۆ ڕێک کەوتن لە گەڵ نەیاری سەرەکی کە قەت بێجگە لە فێڵ ئامادەی ڕێک کەوتنی ڕاستە قینە لە گەڵمان نەبوە سی ساڵ سەبرو تاقەتمان بۆ وەستان لە سەر کەرەم و بەزەیی جەللادی کورد هەیە. بە قەولی وتە بێژی سکرتر "وتووێژمان نهادینە کردوە"!!!

یەکێک لە هۆکارەکانی کورتی تەمەنی کۆماری کوردستان دەتوانین لە هاو ڕێچکە نەبوونی پەروەردەی خەڵک لە گەڵ دینامیزمی ڕزگاریدەر (پەروەردەی بیری خۆڕاگری نەتەوەیی) و قەرار نە گرتنی مادە ڕزگاریدەرەکان لە مەدارێکدا دەسنیشان بکەین.پاش ئەزموونی لە ڕاستیدا سەرسووڕهێنەری کۆماری کوردستان. (سەر سووڕهێنەر لەو گۆشە نیگایەوە کە بە ماوەی

چەندڕۆژک ئاسەوارێکی عەمەلی لەو پێکهاتە نیشتمانیە بە جێنەما)؟ بۆ وێنە نیشانەیێک بە دەستەوە نیە تاقە پێشمەرگەییک ئامادە بووبێ چەند ڕۆژێک خۆ ڕاگرێ، یان ئەوە لە گەڵ بارزانیە مێوانە کان کەوێ تا ئێمە ئێمڕۆ وەک ئاسەواری خۆراگری جەماوەر ئاماژەی پێبدەین!

### دەبێ کاتی ئەوە نەهاتبێ:

ڕێبەرانی جووڵانەوەی ئەم پارچەو ئەویندارانی سەرفەرازکردنی وڵات بە گشتی، ئاوڕێکی سەردەمیانە بۆ پێداچوونەوە بە هەڵوێستی سیاسیمان لە ئاست نەیاری بە شاهێدی مێژوو هەمیشە (دوژمن)، و هەڵوێستی خۆمان بەرانبەر بە یەکتر و هەڵبژاردنی ڕێبازێکی پەروەردەیی وەڵامدەر بدرێتەوە تا هەم یەکەتی خۆمان دەستەبەر کردبێ و هەم بە ڕێژەییێک نێوەنجی دڵنیای بۆ بەر پەرچ دانەوەی پلانە ڕەنگامەکانی دوژمنمان بەرز کەینەوە.؟

زەحمەتە ئەگەر لەشکری پەنجا هەزار کەسیمان هەبێ کاتێک خۆمان بۆ ڕۆژی بڕیار پەروەردە نەکردبێ چارەنووسمان لە دواساتەکانی تەمەنی کۆماری کوردستان باشتر بێ.

لە کۆتایی دا بۆ زانیاری ئەو بەڕێزانە کە پێیان وایە سەر بە خۆ ڕاگەیێندرانی "کۆماری دێمۆکراتیکی کوردستان" بۆختان (اتهام). ە چەند بەڵگەیێکیتر لە دەیان وێنە بەڵگەنامە تۆمار کراوەکان، دەخرێتە بەر دیدەی ورد بینی خوێنەر تا ڕاست و ناڕاست زیاتر لێک جوێ بکرێتەوە و هەر نەبێ ئەگەر ناتوانین خۆڵقێنەری ڕۆژانی پڕ لە سەروەری وەک ئەو سەردەمە کەم تەمەنە بین، با لانیکەم ئەوە کە هەبوە وەک خۆی قیبلەی، تامە زرۆیانی ڕزگاری کورد لە کۆیلەتی بێ و چیتر ئەو تاقە بەڵگە لە مێژووی مۆدێرن و کورت ماوەی ڕزگاری نەتەوەیی لەلایەن سیاسەتوانانی دۆستی "برادران"! نەکرێتەوە بە خشەخش.

-------------------

ڕۆژنامەی کوردستان: ژمارە پێنج، سەروتار: "ئێران و کورد" ٢٩ی بەفرانباری ١٣٢٤

ئەگەر سەربەخۆ بین ژیانمان خۆش و شیرینە، پڕ لە هەلهەلە و وەلوەلەیە. نۆ ملیون کورد، ئێران، تورکیە، عێراق، سوریە هە ربەشێ لە خاک و نیشتمانی خۆیدا بە دەنگێک و ڕۆحێک داوای بەشی خۆیان دەکەن و بۆ بە دەسهێنانی ژیانی سەربە

خۆیی و ئازادی گیانیان لە بەر دەستە، نۆکەری بێگانە، خۆێڕی و نانەجیب ناکەن. "لە درێژەدا سەروتاری کوردستانی ژمارە پێنج پشتیوانی لە ئەبولقاسم خانی بەختیاری دەکا و دەنووسێ: " کورد هەر کوردە لە چین بێ یا لە ماچین".

کوردستان ژمارە شەش: لاپەڕە چوار سەردێڕی "ڕاسپاردەیێک بۆ لاوان - سید محمد حەمیدی" هاتوە: "بە دەنگی بەرز بە دنیا بڵێن ئازادی و سەربەستی کوردستانمان دەوێ".

کوردستان ژمارە حەوت: لاپەڕە دوو. سەردێڕی "کوردستان بە فێرۆ ناخورێ" ئیمامی، لە درێژەی وتارەکەیدا دێتە سەر باسی دابەشکردنی کوردستان و دەنووسێ: "ئەوا وەڵامیان دەدەینێ، کوردستان ملکی کوردە، بە فێرۆ ناخورێ و هەتا (یک) لە نەتەوەی کورد لە سەر دونیا زیندووبێ بۆ ناساندنی حەقی میللی کورد و وەدەست هێنانی خاکی کوردستان ملە دەکەین. بە هێزی لا و و گەنجی نیشتمان پەروەری کورد، جەغزیکی پان و قانوونی بە دەورەی تەواوی خاکی کوردستاندا دەکێشین و لە بێگانە جودا دەبینەوە".

کوردستان ژمارە حەوت: لاپەڕە دوو، سەردێڕی "ڕۆژنامەی کوردستان قیبلەی ئازادی کوردە" سمایل ئیلخانی زادە دەنووسێ: "بە قەڵەمی زانایانی خۆمان هەموو ڕۆژێ قەباڵەی ئازادی لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەی کوردستان دەنووسین و حەقی ژیان و سەربە خۆیی میللەتی کورد لە بەر چاوی دونیا ئیسبات دەکەین". لە لاپەڕەی ٣ی ئەم ژمارە دا هەڵ کردنی ئاڵا بە جێژنی سەربەخۆیی نێو دەبرێ و پەیمان دەدرێ بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستانی گەورە.

کوردستان ژمارە هەشت، لاپەڕەی ٣ شا سوڵتان خانمی فەتاحی قازی لە وتاری خۆیدا: ئاماژە بە گەیشتن بە سەربەخۆیی و بانگەوازی پاراستنی ئاڵای پیرۆزی سەربەخۆیی کوردستان دەکا.

کوردستانی ژمارە یازدە: سەردێڕی، دەربڕینێکی هیوا بەخش "یەکیەتی ئێمەی بە ئارەزوو گەیاند"

نووسراوە: کورد بە دونیای نیشان دا دە توانێ بۆ خۆی ئیدارە بکا، بەرانبەری مەنشووری ئاتلانتیک کە هە ر میللەتێک بتوانێ خۆی ئێدارە بکا حەقی ئازادی هەیە و بێگانە نابێ حوکمیان بە سەردا بکا، لێرە بەو لاوە هەمیشە بە ئازادی دەژی".

کوردستان ژمارە هەژدە: لاپەڕەی ٤ لە وتەی جێژنی چاپخانەی کوردستاندا، وتاری (قادر مودەڕەسی) هاتوە: ئەی مەهاباد

بە خۆت بنازە کە ئەورۆ ڕۆڵە ڕەشیدەکانت توانییان ئاڵای سێ ڕەنگی سەربەخۆیی لە سەرتۆ هەڵبکەن و دایکی نیشتمانی کورد ڕزگار بکەن، ئەی مەهاباد بزانە جێ و مەقامی تۆ بڵندە قیبلە و مێحرابی نۆ ملیۆن کوردی لە دیل و یەخسیری نەجات بدەی.

**هاواری نیشتمان ژمارە یەک:** لاپەرەی ١٩. نووسراوە: مەلا مستەفا لە تەمەنی چلو ڤێنج ساڵیدایە دووری لە خاکی بارزان هێندە لەویدا تەسیری نە کردوە شایەد عیلەتی وەی بە سەربەخۆیی دینی مەبێ کە بە شەرافەتمەندانە دەژین و ئەویان بە دڵێکی پاک دە باوەشی خۆیان گرتوە...

**کوردستان ژمارە ٢٥** سەردێڕی "جێژنی سەربە خۆیی و ناساندنی پێشەوای کوردستان" هاتوە: ڕۆژی ٦ - ١١ - ١٣٢٤ لە لاین ئاغای شێرزاد و محمد حسێنخان ئەمیری بە بۆنەی سەربە خۆیی کوردستان و ناساندنی پێشەوای مۆعەزەم جێژنێکی زۆر جوان گیرا.

**کوردستان ژمارە ٢٨**، لاپەڕەی (یەک) هاتوە: ڕاگرتنی ئازادی لە وەدەست هێنانی زەحمەتترە، جا لە بەر ئەوە وەزیفەی هەموو کوردێک فیداکاری سەروماڵە لە پێناو ڕاگرتنی سەربە خۆیی کوردستان...

کۆنسوولی سۆڤیەت لە ورمێ بە پێ بەڵگە کانی ئارشیوی ڕووس وەرگێڕانی د.ئەفراساو هەورامی لاپەڕەی ١٩ دەڵێ: "سەرکردەکانی کورد هەوڵ دەدەن بۆ دروست کردنی کوردستانێکی سەربە خۆ بە پشتیوانی هەرکەس و لاینێک بێت، کوردەکان وا لە سەربەخۆیی گەیشتوون کە لە چەوساندنەوەی دەوڵەتانی ئێران، عێراق و تورکیە ڕزگارییان بێت."

-------------------------

خۆێنەری ئازیز ئەوە گۆشەیێکی هەرە کورتی خواست و ئامانج و ناوەرۆکی سیاسی بڕوای بەرپرسانی کوماری کوردستانە کە بە زۆری لە دووتوێ ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی دەربڕینی ڕێبازی کۆمار و حیزبی پێک هێنەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان هەڵ بژێردراون. دیارە لە ژمارەکانیتری کوردستان ئۆرگانی حیزب و کۆماردا وێنەی فراوانتر لە بەر دەستدان.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی نۆهەم

## سەرچاوەکان:

١- ڕۆژنامەکانی کوردستان سەردەمی کۆمار . ژمارە ١ - ١٠ خۆماڵی.
٢- هاواری نیشتامان (بڵاو کەرەوەی بیری یەکیەتی جەوانانی دێمۆکرات) ژمارە یەک خاکەلێوەی ١٣٢٥.
٣- نیشتمان (بڵاو کەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ - ک) ژمارەی ٧ ـ ٨ ـ ٩.
٤- هاواری کورد ژمارە یەک.
٥- ڕۆژنامەی کوردستان، مەهاباد ١٣٢٤ - ١٣٢٥ی هەتاوی ئامادەکردنی - ڕەفیق ساڵح - سدیق سالح بنکەی ژین.
٦- بیری نەتەوەیی کوردی چەماڵ نەبەز.
٧- احزاب سیاسی و انجمن های سری در کرمانشاه. محمد علی سولتانی.
٨- کورد و عەجەم، مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران. صاڵح محمد امین.
٩- دەوڵاتی جمهوری کوردستان، نامە و دکۆمێنت - محمود مەلا عززەت.
١٠- چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادیدا. د.ع . قاسملوو.
١١- کۆمارە کوردیەکەی مەهاباد، بە پێنووسی؛ ئارشیە ڕۆزوێڵت. و: عەبدولحەمید حسینی.
١٢- ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕووسیەوە لە چەند بەڵگەنامەییکی شورەویدا. د. ئەفراسیاو حەلیمی ، پێدا چوونەوەی د. یاسین سەردەشتی.
١٣- موحاکمە کردنی پێشەوا قازی محمد لە یادداشتە کانی قوام سلطنە.
١٤- جنبش ملی کورد. کریس کۆچرا. ت: یونسی.
١٥- لە ژ کافەوە بۆ کۆمار ئەیوب ئەیوب زادە. سایتی هەڵوێست.
١٦- اوضاع سیاسی کردستان. از سال ١٢٥٨ - ١٣٢٥ مجتبی برزویی.
١٧- کرد و کردستان نیکیتین. ت؛ م، قازی.
١٨- فرازو فرود فرقە دموکرات آذربایجان، بە روایت اسناد محرمانە اتحاد جماهیر شوروی. جمیل حسنلی.

سەرچاوە: ماڵپەری هەڵوێست - ڕێکەوتی: ١ی فێبریوێری ٢٠٠٩



سەرچاوە
Serchawe

٣٧- بەدرەددین سالْح، سەرۆک کۆماری کوردستان لە بەردەم دادگا دا، چاپی یەکەم هەولێر ٢٠٠١، ل ٢٠ - ١٨.
٣٨- زربخت، مرتضی، از کردستان عراق تا آنسوی رود ارس (راهپیمایی تاریخی ملا مصطفی بارزانی ١٣٢٦) نشر شیراز تهران، چاپ اول ١٣٧٦،
٣٩- مێژووی کورد لە سەدەی ٢٠ و ١٩، ل ٢٨٨، کریس کوچیرا، وەرگێڕاوی محمدریانی.
٤٠- ئارچی رۆزوێڵت، کۆماری کورد لە مەهاباد، ل ٤٠ - ٣٩ - ٣٨.
٤١- دوکتوور یاسین سەردەشتی، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ل ١٦٩ - ١٦٨.

سەرچاوە: ماڵپەری هەتاوی قەندیل - ڕێکەوتی: ١٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١١



سەرچاوە Serchawe

